تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5954) سێ شەممە 16ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەریتانیا تاوتوێ کرا

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

دوێنێ دووشەممە 15ی 6ی 2020 سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز ستیڤن هیچێکی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێز جەیمس سۆرنتۆن کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، باس لە دواینێ ڕووداوی بڵاوبوونەوە و بەرەنگاری پەتای کۆرۆنا و باری سیاسی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا کرا.

هەروەها ئەو کێشە و قەیرانانەی ڕوویان لە عێراق بە گشتی کردووە و هەنگاوە نوێکانی حکوومەتی تازەی عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی فیدراڵ و تەحەدییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون. هەردوولا هەڕەشە و مەترسییەکانی داعشیان بە جددی وەسفکرد بە تایبەتی کە جموجۆڵەکانیان بەم دواییە لە زۆر ناوچەی عێراقدا پەرەی سەندووە.

لەم بارەیەوەش بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە گرنگ زاندرا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چەسپاندنی ئاسایش لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. هەروەها پەیوەندیی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتن دەچێتە بەغدا و مستەفا کازمییش ڕێککەوتنی دەوێت

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێ ڕۆژی چوارشەممە تیمی دانوستانکاری حکوومەتی هەرێم دێنە بەغدا و دانوستانەکان دەستپێدەکەنەوە و تا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش چارەسەر نەبن دۆخی عێراقیش سەقامگیر نابێ و حکوومەتەکەی کازمییش بەهێز نابێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بریکاری وەزارەتی پلاندانان:

حکوومەت پەرە بە سیستەمی بانکیی لە هەرێمی کوردستان دەدات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاسا و بڕیاری نوێ دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوەی بازاڕی کار و پێداچوونەوەی یاساکانی پەیوەندیدار بە کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دەردەکات. بریکاری وەزارەتی پلاندانانیش ڕایدەگەیەنێت، سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت بە زووترین کات ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: هەر کاتێک برایانمان لە حکوومەتی فیدراڵی ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئامادەم سەردانی بەغدا بکەم

باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق: عێراق و هەرێمی کوردستان بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین و دەمانەوێت لەم دۆخە سەختەی ئێستادا هاوکاریان بین



دوێنێ دووشەممە 2020/6/15 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیفن هیکی باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە جەیمس سۆرنتۆن کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی و ڕایگەیاند: ئێمە پشتگیریی لە حکوومەتی مستەفا کازمی دەکەین لە پێناو چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور. گوتیشی: هەر کاتێک برایانمان لە حکوومەتی فیدراڵی ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، ئامادەم سەردانی بەغدا بکەم.

باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق بەرزی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی بودجەی هەرێمی کوردستانی بە هۆکارێک زانی بۆ ئاماژەیی ولاتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بۆ لە یەکنزیککردنەوەیان لەپێناو چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور. گوتیشی: عێراق و هەرێمی کوردستان بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین و دەمانەوێت لەم دۆخە سەختەی ئێستادا هاوکاریان بین.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هۆشداری لە پەرەسەندنی تیرۆر دەدات



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەڕەشە تیرۆریستییەکان و دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکان لە سنووری ماددەی 140ی دەستووری عێراق و ناوچە کوردستانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: بەردەوامیی ئەم دۆخە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیان دەکات و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی سەر و مالی هاوواڵتیان و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، میکانیزمێکی کاراتری هەماهەنگیی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و هاوکاریی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و بەردەوامیی پشتیوانییی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش پێویستە. **(دەقی پەیامەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

مانگی داهاتوو یاسای چاکسازی جێبەجێ دەکرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، هیچ هەوڵێکی سیاسی نابێتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، کە لە مانگی داهاتوودا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



بەپێی ڕاپرسییەکان

جۆ بایدن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا براوە دەبێت

مامەڵە لەگەڵ کێشەی کۆرۆنا و نیگەرانی و خۆپیشاندانەکانی ئەمەریکا بەهۆی دەرکەوتنی هەستی ڕەگەزپەرستی لەناو پۆلیسی ئەمەریکا ئەو دوو دۆسێییەیە کە وادەکات هەلی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا لاواز بێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

هەر قەرزێک لەلایەن عێراقەوە بکرێت پشکی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە

لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند کە وەزیری دارایی، عەلی عەللاوی دانوستانەکانی لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە بە ئامانجی وەرگرتنی قەرزی پێنج ملیار دۆلار دەستپێکردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نوێنەرانی کورد و ئۆپەراسیۆنەکانی ڕێگری لە هەوڵی گەڕاندنەوەی عەرەبی هاورده بۆ کەرکووک و سەرگەڕان دەکەن

لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک کوردانی ناوچە کوردستانییەکان کەوتووتە بەر مەترسیی هێرشی چەکداری و دەرکردن و داگیرکاری، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان پێی وایە، هێزە عێراقییەکان بە ئەنقەست بەرگری لە کوردانی ناوچە کوردستانییەکان ناکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هەیفا محەمەد یەکەم ئافرەت کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری لێخوڕیوە

یەکەم ئافرەت کە لە سنووری پارێزگای دهۆک مۆڵەتی گشتیی شوفێری بەدەست هێناوە و هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک لێ دەخوڕێت و کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلیش بە باشی دەزانێت، ئێستا پیشەکەی کردووەتە ئەوەی کە ئافرەتان فێری شوفێری بکات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**




کونسوڵی گشتیی کۆماری چین: گەلی چین بە هێزەوە لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانی دەوەستێت

پەتای کۆڤید ـ 19ی جیهانی کە زۆرترین بلاوبوونەوەی هەیە، زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت لەم سەردەمەدا و لە ئێستادا وێرانکارییەکی زۆری لە تەواوی جیهاندا ناوەتەوە، کە ئەمەش جەنگێکە پێویستە مرۆڤایەتی ئەنجامی بدات و تیایدا سەربکەوێت. **(درێژەی وتارەکە لە ل5 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ڕێکخستنەوەی گومرگەکان و دەروازە سنووریيەکان و خزمەتگوزاریی ناو دەروازەکانی کرد

سەرۆکی حکوومەت: چاکسازیکردن و ڕێکخستنەوەی داهاتە گشتییەکان ئەرکی لە پێشینەی ئەم کابینەیەیە





لە دریژەی کۆبوونەوەکانی تایبەت بە چاکسازیی لە داهات و سەرچاوەکانی داهاتە گشتییەکان، دوێنێ دووشەمە 2020/6/15مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە گفتوگۆکردنی دەرئەنجامی کاری لیژنەکانی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی بواری گومرگ و لێخۆشبوونی گومرگی و دەروازە سنووریيەکانی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشدار بوون، گفتوگۆ کرا دەربارەی ئەنجامی کاری لیژنەکانی تایبەت بە بواری ڕێکخستنەوەی بواری گومرگ و دەروازە سنووریيەکان و پێداچوونەوە بە لێخۆشبوونە گومرگییەکان وەک بەشێک لە پرۆسەی چاکسازیکردن لە داهاتە گشتییەکان.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، وەزیرانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری وەک سەرپەرشتیارانی لیژنەکان ڕاپۆرتەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەیان دا بەو پرۆسەی پێداچوونەوە و وردبینیەی بە سەرجەم یاسا و ڕێنمایی و گرێبەستەکان ئەنجامیان دابوو دوای سەردانی مەیدانییان، سەرەڕای خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان، پێشنیازەکانی خۆشیان خستەڕوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە گرنگیی هەردوو بابەتەکە دا و ئەوەی دووپاتکردەوە کە چاکسازیکردن و ڕێکخستنەوەی داهاتە گشتییەکان، ئەرکی لە پێشینەی ئەم کابینەیەیە و بابەتەکانی پەیوەست بە گومرگەکان و ڕێکخستنەوەی دەروازە سنووریيەکانیشی بە بەشی گرنگی ئەم چاکسازییە لە داهاتی گشتی زانی.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرەڕای جەختکردنەوە لە پشتیوانی حکوومەتی هەرێم بۆ کەرتی تایبەت و پاراستنی بەرهەمی خۆمالّی و بڕەودان بە هاوبەشییێکردنی کەرتی تایبەت لە بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم و دەستخستنی هەلی کار بۆ هاووڵاتییان، بڕیاردرا کە گشت دەروازە سنووریی و خالّە گومرگییەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و ستاندارد نێودەوڵەتییەکان ڕێکبخرێنەوە و هەموو ئەو لێخۆشبوونە گومرگیانەش کە لە دەرەوەی یاساکان دراون هەڵبوەشێنەوە، سەبارەت بە گرێبەستی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە دەروازە سنووریيەکانیش لە لایەن کەرتی تایبەت بەڕێوە دەبرێن، لە کۆبوونەوەکە جەختکرایەوە کە پێویستە لە نزیکترین دەرفەتدا، ئەنجامی کۆتایی وورد بینی و پێداچوونەوە بە سەرجەمیان تەواو بکرێت و لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی گشتی و بە ڕەچاوکردنی یاسا وڕێنماییەکان ، بڕیاریان لە بارەوە بدرێت.

بریکاری وەزارەتی پلاندانان:

حکوومەتی هەرێم بڕیاری نوێ دەردەکات

حکوومەت پەرە بە سیستەمی بانکیی لە هەرێمی کوردستان دەدات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاسا و بڕیاری نوێ دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوەی بازاڕی کار و پێداچوونەوەی یاساکانی پەیوەندیدار بە کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی، ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دەردەکات. بریکاری وەزارەتی پلاندانانیش ڕایدەگەیەنێت، سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت بە زووترین کات ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە



ڕۆژی یەکشەمە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕەودان بە کەرتی تایبەت و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باجدانانی کرد.

لەو بارەیەوە، زاگرۆس فەتاح، بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێم، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بابەتی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت گفتوگۆ کرا، کە ستراتیژیەت و کۆمەڵێک ڕێکاری فعلین و لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئامادە کراوە، کە 7 کۆبوونەوەکەش لەسەر 7 تەوەری سەرەکی بوو.

بە گوتەی زاگرۆس: یەکەمیان ڕەخساندنی ژینگەیەکی یاسایی لەبارە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتینی کەرتی تایبەت، چونکە لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ڕێنمایی هەیە کە کێشەیان بۆ کەرتی تایبەت دروستکردووە و پێویستیان بە گۆڕانکاری و ڕێنمایی تازە هەیە کە پێویست دەکات ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت دروست بکات.

دەشڵێ، ستراتیژیەتی دووەم، سپاردنی هەندێک کاری حکوومەت هەیە کە بدرێتە کەرتی تایبەت، چونکە ئەوان دەتوانن باشتر جێبەجێی بکەن بە کوالێتێکی باشیش، کە ئەمەش هاوبەشیکردنی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتییە.

بریکاری وەزارەتی پلاندانان ڕوونیشی کردەوە: ستراتیژیەتی سێیەم، پەرەپێدان بە سیستەمی بانکییە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی حکوومەت سیستەمێکی بانکی پێشکەوتووی هەبێت و ئەوەندە ئابووریيەکەمان بە کاش پەیوەند نەبێت، بتوانین ئەم کەرتە ئەساسییەی بانک بووژانەوەی پێوە بکەین و چیتر مامەڵە بە پارەی کاشەوە نەکرێت و هاوکات بۆ پێدانی قەرزیشە بۆ ئەوانەی پێویستیان بە پارە هەیە.

ئەوەشی خستەڕوو: ستراتیژیەتی چوارەم، هاندانی بابەتی نێوخۆیی بوو کە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە لایەنێک هەبێت لە حکوومەت کە بابەتی بەرهەمی ناوخۆیی گرنگی و گەشەی پێ بدات و چیتر پشت نەبەستین بە هاوردەکردنەوە، کە ئێمە دەتوانین کۆمەڵێک شت دروست بکەین لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی بێنین و کۆمەڵێک ڕێکاری باشمان داناوە لەم بابەتە.

گوتیشی: ستراتیژیەتی پێنجەم، هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و نێوخۆیە، کە ئەمەش کاری لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین دەستەی وەبەرهێنان بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی هاووڵاتییانی خۆمان یاخود دەرەوە بتوانن وەبەرهێنان لە کوردستان زیاتر بکەن.

ئاماژەشی دا: ستراتیژیەتی شەشەم، بابەتی بازاڕی کارە، کە چۆن بتوانین ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بازاڕی کار ڕێک بخەینەوە، کە ئێستا پڕۆژەیاسایەکی کار ئامادە کراوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی شووڕا کراوە و لەوێشەوە دێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە لێرەدا مافی کرێکار و خاوەنکار زۆر بە ڕوونی دیار بێت، بە تایبەت کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە سیستەمێکی خانەنشینیمان هەبێت بۆ ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، واتا ئەگەر یەکێک خزمەتی کرد لە کەرتی تایبەت و دواتریش چوو بۆ کەرتی حکوومەت یاخود بە پێچەوانەوە، ئەوا ئەو سااڵانەی خزمەتی بۆ هەژمار دەکرێت.

دەشڵێ: خاڵێکی تر کە زۆر ئاماژەمان پێ کردووە، بابەتی کەرتی کرێکاری بیانییە کە دەبێت سنووردار بکرێت و ڕێژەیەکیان بۆ دابنرێت و زیاتر ناتوانن کرێکاری بیانی بێنن و ئەگەر هاتوو کرێکاری بیانییش هات، دەبێت بۆ ماوەیەکی کورت بێت، واتا ئەگەر زەروور بوو بۆ کۆمپانیاکە ئەوا دەبێت لە موددەیەکی کەم بێت و گەنجی خۆمان لە شوێنی ئەو کارمەندە بیانییە کار بکات.

فەتاح زیاتر گوتیشی: ستراتیژیەتی حەوتەم، سیستەمی ریفۆرمی باج و پەرەپێدانی سیستەمی گومرگە، کە دەبێت سیستەمی باجی خۆمان ڕێک بخرێتەوە و سیستەمێکی شەفاف بێت کە خەڵک زۆر بە ئاسانی تێبگات کێ دەبێت باج بدات و کێ دەبێت باج نەدات، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە عەدالەت لە سیستەمی باجدا پەیڕەو بکرێت.

پەیوەست بە قسەی سەرۆکی حکوومەت لەو بارەیەوە، زاگرۆس فەتاح گوتی: سەرۆکی حکوومەت زۆر بەلایەوە پەسەند بوو، جەنابیشیان کۆمەڵێک ڕێنمایی تری پێ گوتین کە دەبێت کاری زیاتری لەسەر بکەین و زۆریش شەفاف بێت، سەرۆکی حکوومەت جەختیشی لەوە کردەوە کە دەبێت بە زووترین کات ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە. ناوبراو ڕاشیگەیاند: هەفتەی داهاتوو پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت و لەوێ پەسەند دەکرێت، دواتر تیمێکی شارەزا دادەنێین و وەزارەتی پلاندانان بە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە زووترین کات کاری لەسەر دەکەین.

بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە تیمی دانوستاندنی حکوومەتی هەرێم بچێتە بەغدا

فارس عیسا: حکوومەتی هەرێم بۆ ڕێککەوتن دێتە بەغدا و مستەفا کازمییش ڕێککەوتنی دەوێت

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێ ڕۆژی چوارشەممە تیمی دانوستاکاری حکوومەتی هەرێم دێنە بەغدا و دانوستانەکان دەستپێدەکەنەوە و تا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش چارەسەر نەبن دۆخی عێراقیش سەقامگیر نابێ و حکوومەتەکەی داواکارییەکانیان ئامادەکردوون، مستەفا کازمی گوتوبێتی دەمەوێت ڕێککەوتن لەگەڵ کوردستان بکەین.

فارس عیسا گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕوحیەتی ڕێکەوتن دێتە بەغدا و، بەگوێرەی دەستووری عێراقیئ فیدراڵ، بەهیواین ئەو تیمەش حکوومەتی عێراق بۆ دانوستان دیاری دەکات هەمان نەفەسی هەبێت، یەکەم کۆبوونەوە دەبێت لەگەڵ کابینەکەی کازمی، کۆبوونەوەکان لەو خاڵەوە دەست پێدەکاتەوە کە لەسەردەمی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی پێشوو ڕاگیران.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لەبەغدا دەشڵێ تا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەرنەبن دۆخی عێراقیش سەقامگیر نابێ و حکوومەتەکەی کازمییش بەهێز نابێت.

فارس عیسا، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: تیمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق خۆی ئامادەکردووە چاوەڕێین تیمی حکوومەتی عێراقیش ئامادەبن، تیمی دانوستانی هەرێم ڕۆژی چوارشەمە دێنە بەغدا، تەواوی داتا و زانیاری و هەبێت ئەوا مانگێک زۆرە، لەم گفتوگۆیانە باس لەوە دەکرێت دەبێت مووچە و بوودجە بکرێتە دەرەوەی مللانێکان و شەخسێک میزاجی لەگەڵ کوردستان نەگونجێت و دەست بۆ مووچە بەرێت بڕیاری تاک لایەنە بدرێت دەمانەوێت ڕێککەووتنێکی کۆنکرێتی بکەین.



نێچیرڤان بارزانی و کەریم خان ئەرکی (یونیتاد) لە عێراق تاوتوێ دەکەن

دەبێ ئەوانەی لە تاوانکاریی بەرانبەر گەلی کوردستان و عێراق و ئێزیدی و پێکهاتەکان تێوەگلاون بدرێنە دادگا

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە ڕاوێژکاری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز کەریم خان، سەرۆکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)ـەوە پێگەیشت، بەرلەوەی دوێنێ دووشەممە 15/6/2020ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەرک و کارەکانییەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز کەریم خان، پوختەیەکی دەربارەی هەوڵ و کۆششی بەردەوامی (یونیتاد) لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەریدا بۆ قوربانیانی تاوانکارییەکانی داعش لە عێراق خستەڕوو کە وێڕای تەحەدییە ئەمنییەکان و پەرەسەندنی بلاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کارەکانیان بەردەوامن.

لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پشتگیریی خۆی بۆ ئەرکی (یونیتاد) لە عێراق دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند لێپرسینەوە لە تاوانکاریی داعش لە کارە لەپێشینەکانی هەرێمی کوردستانە و هەموو ئەوانەی لە تاوانکاری بەرانبەر گەلی کوردستان و عێراق و تاوانکارییەکانی دیکەی بەرانبەر ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە تێوەگلاون، دەبێ بدرێنە دادگا. بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە سەرکەوتنی ئەرکی (یونیتاد) پەیامێکی ڕوون و بەهێز دەبێت بۆ هەموو تاوانکاران کە بەهۆی کردارەکانیانەوە سزا دەدرێن و دادپەروەریش بۆ خێزانی قوربانییان فەراهەم دەبێت.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها گوتیشی: بۆ پشتیوانی لە ئەرکی (یونیتاد) هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەران و لایەنە پەیوەندارەکان لە بەغدا و شوێنەکانی دیکە هاوکاری و هەماهەنگی دەکات، بەتایبەتیش بۆ بەهێزکردنی چارچێوەی یاسایی لە پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانکارانی داعش بە تۆمەتی جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ.

لە کۆتاییدا بەڕێز کەریم خان سوپاسی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ (یونیتاد) و هیوای بەردەوامیی پێکەوەکارکردن و هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەیان لە عێراق خواست.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هۆشداری لە پەرەسەندنی تیرۆر دەدات

هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر دوو گوندی کاکەیی نموونەی پەرەسەندنی ئالۆزیی دۆخەکەن



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەڕەشە تیرۆریستییەکان و دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکان لە سنووری ماددەی 140ی دەستووری عێراق و ناوچە کوردستانییەکان پەیامێکی بلاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: بەردەوامیی ئەم دۆخە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیان دەکات و بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی سەر و مالّی هاوواڵتیان و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، میکانیزمێکی کاراتری هەماهەنگیی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و هاوکاریی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و بەردەوامیی پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش پێویستە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

دووبارەبوونەوە و فراوانبوونی بەردەوامی هێرشە تیرۆریستییەکان لە عێراق، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی ماددەی (140)ی دەستوور دۆخێکی زۆر مەترسیدار و ئاڵۆزی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان هێناوەتە ئاراوە کە ماوەیەکی درێژە هەڕەشەی کوشتن و ڕفاندن و دەرکردنیان لەسەرە و ئەم دواییانەش بەردەوام بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان دەسووتێنرێن و ڕۆژانە دەکرێنە ئامانجی هێرشی دڕندانەی تیرۆریستی و شەهید دەکرێن. وەک چەندین جار پێشتریش هۆشداریمان لە ترسناکیی دۆخەکە داوە، دووپاتی دەکەینەوە کە بەردەوامیی ئەم دۆخە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیان دەکات و بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی سەر و مالّی هاوواڵتیان و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، میکانیزمێکی کاراتری هەماهەنگیی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و هاوکاریی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و بەردەوامیی پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش پێویستە، چونکە تیرۆریستان بۆشاییی ئەمنیی ئەو ناوچانەیان قۆستووەتەوە، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش لەم پێناوەدا هەموو هەوڵ و تواناکانی دەخاتە گەڕ.

دوایین هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر دوو دێی کاکەیی لە ناوچەی خانەقین کە لە ئەنجامدا ژمارەک هاووڵاتی شەهید و بریندار بوون، نموونەیەکی بەرچاوی پەرەسەندنی ترسناکی و ئالۆزیی دۆخەکەن کە دەبێ هەنگاوی خێرا بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەیان بگیرێتە بەر. وێڕای بە تووندی سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانکارییە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکارییان دەکەم و هاوبەشی خەمیانم، خوای مەزن دڵنەوایی و سەبووریان بداتەوە و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/6/15

دانوستانەکانی عێراق لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی نەختینە بۆ وەرگرتنی قەرز دەستپێکردووە

هەر قەرزێک لەلایەن عێراقەوە بکرێت پشکی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە

حەنین قەدۆ: حکوومەت پێویستی بە وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ بە بڕی 15تریلیۆن دینار هەیە





لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە وەزیری دارایی، عەلی عەللاوی دانوستانەکانی لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە بە ئامانجی وەرگرتنی قەرزی پێنج ملیار دۆلار دەست پێکردووە.

لەلایەکی دیکەوە بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، حەنین قەدۆ ئاماژەی بەوە داوە کە پرسی وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێکردن دەخرێتەڕوو و ئاماژەی بەوەیش داوە کە بەم نزیکانە حکوومەت پاکێجی چاکسازیی ئابووری پێشکەش بە لیژنەی دارایی دەکات.

حەنین قەدۆ باسی لەوەیش کردووە کە بۆ دابینکردنی مووچە و خەرجییەکانی بەکاربردن، حکوومەت پێویستی بە وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ بە بڕی 15تریلیۆن دینار هەیە و گوتی: وەزیری دارایی عەلی عەللاوی دانوستانەکانی لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە بە ئامانجی وەرگرتنی قەرزی پێنج ملیار دۆلار دەست پێکردووە.

ئابووری و دارایی پێشکەش دەکات. گوتیشی: لیژنەی دارایی پرسی وەرگرتنی قەرز لەلایەن حکوومەتەوە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجە و پێدانی مووچە، تاوتوێکردووە.

ئەحمەد سەفار باسی لەوەیش کردووە کە لە ناوەڕۆکی یاسای وەرگرتنی قەرز، ڕێگە بە حکوومەت دراوە قەرزی دەرەکی بە پێنج ملیار دۆلار و قەرزی ناوخۆ بە 15 تریلیۆن دینار لە بانکەکانی عێراقدا بۆ دوو مانگ وەربگرێت.

ناوبراو ڕاشیگەیاندووە کە یاسای وەرگرتنی قەرز لەلایەن حکوومەتەوە، دوای قسەکردن لەسەر کەمکردنەوەی مووچە، بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە.

ئەمەیش لە کاتێکدایە ئەنجوومەنی نوێنەران خوێندنەوەی دووەمی بۆ پرۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی بە ئامانجی چارەسەرکردنی بوودجەی گشتیی ساڵی2020 لەلایەن حکوومەتەوە، تەواو کردووە. لای خۆیەوە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە لەوەی لیستی خەرجییەکان بە جۆرێک ئامادە بکات کە لەگەڵ چاکسازی دارایی و ئابووریدا گونجاو بێت.

د.محەمەد شاکر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە پڕۆژەیاسایەک ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کراوە و تێیدا داوای کردووە دەسەڵات بدرێتە وەزیری دارایی بۆ ئەوەی بتوانێت قەرزی نێودەوڵەتی و ناوخۆ بکات بۆ خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران، چونکە بە گوتەی وەزیری دارایی عێراق، بەبێ قەرز ناتوانن مووچەی ئەم مانگە دابەش بکەن.

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەشڵێت: بۆچوونی ئێمە وا بوو لەنێو پڕۆژەیاسای بودجە بڕگەیەک بۆ قەرزکردنی پارە تەرخان بکرێت، چونکە ئەگەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز پەسەند بکرێت، ئەوا بە دووری دەبینین پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

د.محەمەد شاکر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەپێی ماددەی 106ی دەستووری عێراق، هەر قەرزێک بکرێت لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە، پشکی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە، چونکە قەرز بۆ مووچە و خزمەتگوزاری دەکرێت، ئێمە پێمانوایە قەرزکردن لەلایەن عێراقەوە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە.



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی:

مانگی داهاتوو یاسای چاکسازی جێبەجێ دەکرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هیچ هەوڵێکی سیاسی نابێتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، کە لە مانگی داهاتوودا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

خەدیجە عومەر مزووری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان مانگی چواری ئەمساڵ ڕاسپاردەکانی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاماده کرد.

خەدیجە مزووری هەروەها ڕاشیگەیاندووە بەپێی ڕاسپاردەکانی حکوومەت، دەبێت لە سەرەتای مانگی 7ی ئەمساڵ یاسای چاکسازی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ئاماژەی بەوەش کرد، کە هیچ هەوڵێکی سیاسی نابێتە لەمپەر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسای چەکسازی، چونکە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەت بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، یاساکە جێبەجێ دەکات.

جوان ڕۆژبەیانی: چارەسەر بۆ ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان هەیە

نوێنەرانی کورد و ئۆپەراسیۆنەکانی ڕێگری لە هەوڵی گەڕاندنەوەی عەرەبی هاورده بۆ کەرکووک و سەرگەڕان دەکەن

لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک کوردانی ناوچە کوردستانییەکان کەوتوونە بەر مەترسیی هێرشی چەکداری و دەرکردن و داگیرکاری، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان پێی وایە، هێزە عێراقییەکان بە ئەنقەست بەرگری لە کوردانی ناوچە کوردستانییەکان ناکەن.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: چەند ڕۆژێکە ڕەوشێکی مەترسیدار لە ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە، هەر لە هاوردەکردنی عەرەب و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هاووڵاتییانی کوردی ئەو ناوچانە، کە بەداخەوە گومان هەیە هێزە عێراقییەکان بە ئەنقەست بەرگری لە کوردانی ئەو ناوچانە نەکەن، چونکە زیاتر هێرشەکان بۆ سەر کوردن.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەشڵێت: نوێنەرانی کورد لەگەڵ ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی عێراق توانیویانە ڕێگری لەو هەوڵانە بکەن، کە دەیانەوێ عەرەبی هاورده بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کەرکووک و سەرگەڕان، چونکە پێشتر ئەوانە قەرەبوو کراونەتەوە.

ڕۆژبەیانی جەختیشی کردەوە: بە هۆی ڕەوشی سیاسی و کۆرۆناوە، نەمانتوانی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان کۆببینەوە، ئەگەرنا ئێمە داوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانمان کردبوو، هەموو داتا و زانیارییەکیشمان لایە لەبارەی ڕەوشی ئەو ناوچانە و هاوکات چارەسەریش هەیە.

نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە میری ئێزدییان دەکات

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2020/6/15، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزدییان، وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لەخۆی و خانەوادەی بەڕێزیان، هاوخەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کامیران خەیری بەگ، ئامۆزای میر، دەربڕی.
لای خۆیەوە بەڕێز میری ئێزدییان سوپاس و پێزانینی خۆی و خانەوادەکەیان پێشکەش بەسەرۆک نێچیرڤان بارزانی کرد.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی میر کامیران خەیری سەعید بەگ، پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی بنەماڵەی کۆچکردوو و خوشک و برایانی ئێزدی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی میر کامیران خەیری سەعید بەگ وەکیلی میری ئێزدییان بۆ کاروباری ئایینیم پێگەیشت . پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و بەتایبەتی لە میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزدییان و گشت خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەم . خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە دۆستانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

شارەزایەکی سەربازی: خیانەتکارانی 16ی ئۆکتۆبەر لە کردە تیرۆریستییەکانی ناوچە کوردستانییەکان بەرپرسیارن

فەرماندەیەکی پێشووی سوپای عێراق و شارەزا لە کاروباری سەربازیی رایدەگەیەنێت، ئەو کردە تیرۆریستییانەی ئێستا لە دژی هاوواڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان ئەنجام دەدرێن، خیانەتکارانی 16ی ئۆکتۆبەر لێی بەرپرسن.

لیوا روکن رەشید عەبدولکەریم، فەرماندەیەکی پێشووی سوپای عێراق و شارەزا لە کاروباری سەربازیی رایدەگەیەنێت، ئەو کردە تیرۆریستییانەی ئێستا لە دژی هاوواڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان ئەنجام دەدرێن، خیانەتکارانی 16ی ئۆکتۆبەر لێی بەرپرسن.

لیوا روکن رەشید عەبدولکەریم پێیوایە لەم کاتەدا جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، کە تایبەتە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە زیانی گەلی کوردستان تەواو دەبێت، چونکە ئێستا سیاسەتێکی چڕی بە عەرەبکردن و دەرکردنی کورد لەو ناوچانە دەستی پێکردووە. ئەو فەرمانده سەربازییە جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کردە تیرۆریستییانەی ئێستا لەو ناوچانە لە دژی هاوواڵاتیانی کورد ئەنجام دەدرێن، تەنیا رێکخراوی تیرۆریستی داعش لێی بەرپرس نییە، بەڵکو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و خیانەتکارانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ش لێی بەرپرسن.



میر کامیران خەیری بەگ کۆچی دوایی کرد

دوێنێ دووشەممە 2020/6/15 میر کامیران خەیری بەگ، یاریدەدەری کاروباری ئایینیی میر تەحسین بەگ میری ئێزدیان بەهۆکاری نەخۆشی لە نەخۆشخانەی شارۆچکەی شێخان کۆچی دوایی کرد.

میر کامیران خەیری بەگ تەمەنی زیاتر لە 60 ساڵ بوو و خێزانداره و بەهۆی نەخۆشییەوە دوێنێ دووشەممە کۆچی دوایی کرد، بڕیارىشە ئەمڕۆ سێشەممە لە ڕێوڕەسمێکدا لە زێدی خۆی لە شارۆچکەی باعەدرێ بە خاک بسپێردرێت.

مەحما خەلیل: فڕۆکەکانی تورکیا ترس و دڵەڕاوکێیان لەناو خەڵکی ئاوارەی چیای شنگال دروستکردووە

قایمقامی شنگال ئاشکرای کرد بەرەبەیانی دووشەممە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە بۆنەی بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە چیای شنگالیان بۆردوومان کردووە و زیاتر لە چل مووشەکیان لێ داوە.

مەحما خەلیل لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەرەبەیانی دووشەممە 2020.6.15 بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لە چیای شنگال و دەڤەری چێل مێرا و کەرسی و باری و چەند شوێنێکی دیکەی سەر بە قەزای شنگالیان بۆردوومان کردوو.



قایقمقامی شنگال ئاماژەی بەوەش کرد: هەتا ئێستا لەبارەی زیانی گیانی بە پەکەکە هیچ زانیارییەک لەبەردەست نییە و ئەو بوردوومانەی سنووری چیای شنگال ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەناو خەڵکی ئاوارەی سڤێلی نیشتەجێی چیای شنگال ساز کردووە. هاوکات فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەهۆی بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە چەند ناوچەیەکیان لە سنووری قەزاکانی ئاکرێ و ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردوومان کردووە، بەڵام لەبارەی زیانەکانی هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە. لە هەمانکاتدا فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا کەمپی کوردانی باکوور و پێگەکانی پەکەکەیان لە چیای قەرەچوغ لە سنووری قەزای مەخمور بۆردوومان کردووە.

پەرلەمانی عەرەبی ئیدانەی هێرشەکەی داعش بۆ سەر کوردانی کاکەیی دەکات

سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی، مشعەل بن فەهم سەلەمی رایگەیاند ئیدانەی ئەو هێرشە تیرۆریستییە دەکەین کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کرایە سەر کوردانی کاکەیی لە گوندی میخاس سەربە قەزای خانەقین و لە ئاکامدا، حەوت کەس کوژران و پێنجی دیکەیش بریندارببوون.

سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی، مشعەل بن فەهم سەلەمی رایگەیاند ئیدانەی ئەو هێرشە تیرۆریستییە دەکەین کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کرایە سەر کوردانی کاکەیی لە گوندی میخاس سەربە قەزای خانەقین باکووری پارێزگای دیالە بەهۆیەوە ژمارەیەک کەس بوونە قوربانی.

لەوبارەیەوە مشعەل بن فەهم سەلەمی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە: بەتوندی ئەو هێرشە تیرۆریستییە ترسنۆکە ئیدانە دەکەین کە تیرۆریستانی داعش بۆسەر هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی مەدەنی لە گوندی میخاس سەربە قەزای خانەقین باکووری پارێزگای دیالە ئەنجامیان داوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک کەس کوژران و بریندارببوون.

ڕۆژی یەکشەممە، تیرۆریستانی داعش هێرشیانکردە سەر ماڵێکی کوردی کاکەیی لەنێوان گوندەکانی دارا و میخاس سەربە قەزای خانەقین و لە ئاکامدا، حەوت کەس کوژران و پێنجی دیکەیش بریندارببوون.

نووسەرێکی باکووری کوردستان: ئەگەر دەوڵەتمان هەبوایە بە F16 بۆردوومان نەدەکراین



لەبەر بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە چیای شنگال و مەخمور فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەچڕی ئەو ناوچانەیان بۆردوومان کردووە و نووسەرێکی باکووری کوردستانیش دەڵێت ئەو پەلامارداناندە پێمان دەڵێت گەر دەوڵەتت هەبێت، چەند گرنگە.

ئایدن دەرە، نووسەری دیاری باکووری کوردستان، لەبارەی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆسەر مەخمور و شنگال، لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ئیدانەی ئەو کارەی کردووە و دەڵێت: کوردستانێک دەوڵەت نەبێت و نەتوانێت ئاسمان بەکار بهێنێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی، چ غیرەتێکە پەلاماری بدەیت.

دەرە لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: ئەگەر ئێمەش وەکو نەتەوەکانی دیکە دەوڵەتمان هەبوایە، ئێستا تورکیا بە فڕۆکەی جەنگی F16 بۆردوومانی نەدەکردین، بەڕاستی نامەردییە هێرش بکرێتە سەر کوردستان. باسی لەوەشکردووە، ئەگەر تورکیاش دەوڵەتی نەبوایە و کورد بە فڕۆکەی F16 هێرشی بکردایە سەر، هەر دژی دەوەستامەوە و دەمگوت نامەردییە لە نەتەوەیەک بدەیت، دەوڵەتی نەبێت و چەکی قورسی نەبێت و فڕۆکەی F16ی نەبێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی.

عێراق لەم مانگەوە دوو ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات



وەزیری نەوتی عێراق، ئێحسان عەبدولجەبار ئیسماعیل ڕایگەیاند کە لەم مانگەوە، دوو ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، هەناردە دەکەین. ئێحسان عەبدولجەبار ئیسماعیل لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە بەرژەوەندیی عێراق دایە، لەوەی پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەی (ئۆپێک پلەس) بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان.
لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا، ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە 10ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ڕێککەوتوون. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا کە لە مانگی ڕابردووە چووەتە واری جێبەجێکردنەوە، وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک، نۆ ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم دەکەنەوە. پێشتریش (ئۆپێک پلەس) ڕایگەیاندبوو کە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، تا کۆتایی مانگی تەمووزی داهاتوو درێژکراوەتەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکان جۆ بایدن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا براوە دەبێت



خەبات ـ مەریوان نەقشبەندی

مامەڵە لەگەڵ کێشەی کۆرۆنا و نیگەرانی و خۆپیشاندانەکانی ئەمەریکا بەهۆی دەرکەوتنی هەستی ڕەگەزپەرستی لەناو پۆلیسی ئەمەریکا ئەو دوو دۆسێیەیە کە وادەکات هەڵی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دۆنالد ترەمپ بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا لاواز بێت و لە بەرامبەریشدا بەپێی چەند ڕاپرسییەک کە لەناو ئەمەریکییەکاندا کراوە چانسی جۆ بایدن پاڵێوراوی دیموکراتییەکان بۆ سەرۆکایەتیی ئەمەریکا زیاتر بەهێز بووە و لە هەموو ڕاپرسییەکاندا بەرێژەیەکی بەرچاو لەپێشەوەیە

دۆنالد ترەمپ بەهۆی مامەڵەی دڕندانەی گوێخستی ئیدارەکەی لەگەڵ کێشەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و تووشبوون و مردنی سەدان هەزار کەس لەم وڵاتەدا کەوتە بەر ڕەخنەی زۆری دیموکراتەکان و پێشتریش بەهۆی چەندین دۆسێی تایبەت بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و چەند بابەتێکی تایبەت بە ئۆکرانیا و ڕووسیا دۆنالد ترەمپ بانگهێشتی کۆنگرێس کرا بۆ لێپرسینەوە و هەوڵی سەندنەوەی متمانەی درا، بەڵام ئەم ئەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون دواتر کوشتنی کەسێکی ڕەشپێست بەهۆی مامەڵەی تووندی ئەفسەرێکی سپی پێستی ئەمەریکا خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری دژی ڕەگەزپەرستی لە سەرتاسەری ئەمەریکا بەدوادا هات دیموکراتەکان ئەم کێشانەیان قۆستەوە و جۆ بایدن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێشوازی گەرمی لێدەکرێت کاتێ باس لە شکستی ئیدارەی ترەمپ دەکات لە دۆسیەکانی تەندروستی و ڕەگەزپەرستی و سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە لەم دوو مانگەی دواییدا هەڵکشانێکی بەرچاو لە ئاستی جەماوەریدا بۆ جو بایدن دەبینرێت، بەڵام هێشتا دۆنالد ترەمپ کارتی بەهێز و کاتی لەبەردەمدایە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارە لاسەنگەی بەتایبەتی لە دۆسێی ئابووری و مامەڵە لەگەڵ ئێران و چین و لەوانەش گرنگتر هێشتا کەسایەتییە مەسیحییە خاوەن دەسەڵاتەکان و سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمەریکا پشتیوانێکی بەهێزی دۆنالد ترەمپن، ئەوەتا دوێنێ دووشەممە کە ڕۆژی لەدایکبونی دۆنالد ترەمپ بوو فرانکلین گراهام گەورە مەرجەع و دەستڕۆیشتووی مەسیحی لە ئەمەریکا و جیهان کە 40 ملیۆن شوێنکەوتووی کەنیسەکانی هەیە پیرۆزبایی لە دۆنالد ترەمپ کرد و سوپاسی هەوڵەکانی دەکات بۆ خزمەتی نیشتمان.

کارکردن بە یەکەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر سەختییەکان

ئێمە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین و باوەڕبەخۆبوون و هێزیان پێ بەخشین

گەلی چین بە هێزەوە لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانی دەوەستێت





نێ ڕوویچی/ کۆنسوڵی گشتیی کۆماری چینی میللی لە هەولێر

پەتای کۆڤید ـ 19ی جیهانی کە زۆرترین بڵاوبوونەوەی هەیە، زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت لەم سەردەمەدا و لە ئێستادا وێرانکارییەکی زۆری لە تەواوی جیهاندا ناوەتەوە، کە ئەمەش جەنگێکە پێویستە مرۆڤایەتی ئەنجامی بدات و تیایدا سەربکەوێت. چین باوەڕێکی بەهێزی بەوە هەیە کە تاوەکو هەموو وڵاتان یەکگرتوو و هەماهەنگ بن بۆ وەڵامدانەوەی بە کۆمەڵی ئەم پەتایە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرکەوتوو دەبێت و ئەم کاتە ناخۆش و ڕەشە دەمانگەیەنێت بە داهاتوویەکی درەوشاوە.

یەکەم:

وەکو یەکێک لەو وڵاتانەی کە بە یەکەم شەپۆلی ڤایرۆسەکە کاریگەر بوو، چین تاقیکردنەوەیەکی سەختی ئەنجام دا لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری میللی لە ساڵی 1949 تاوەکو ئێستا، ئەم ڤایرۆسە خێراتر و فراوانتر لە هەر جۆرە ڤایرۆسێکی تر بڵاوبوویەوە و ئەوەش سەلمێندرا کە سەختترین ڤایرۆسە بۆ لەخۆگرتنی. لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە نەزانراو و چاوەڕوانەکراو و تێکدەرە، چین جەنگێکی یەکلایکەرەوەی دەستپێکرد بۆ ڕێگرتن و کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە. ژیان و تەندروستیی گەلەکەی کرد بە پێشینەی هەموو کارەکان، 1.4 ملیار چینی بەیەکەوە بوون و پشتگیری خۆیان نیشان دا لە دروستکردنی بەربەستێکی پارێزەر کە هێزی ئەوان نیشان دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتە سڕووشتییانە.

سەرۆک شی جینپینگ بە شێوەیەکی تایبەت ڕابەرایەتی ئەم جەنگەی لە ئەستۆگرت و پلانی وەڵامدانەوەی دارشت و سەرپەرشتی دۆخەکەی بە گشتی کرد و بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە هەڵوێستی نواند بە ئاماژەکردن بۆ پێشەوە لە جەنگی دژ بەم پەتایە. ئەمە باوەڕبەخۆبوونی گەلی چینی بەهێزتر کرد و بووە هۆی کۆکردنەوەی هێز. لەژێر ڕابەرایەتیی حزبی شیوعی چینی، هەموو گەلەکە دوای بنەمای گشتی (باوەڕت بەخۆت بێت، یەکگرتووی، پشتبەستن بە ڕێگا زانستییەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئامانجدار) و جەنگی خەڵک بەسەر ڤایرۆسەکە هەڵگیرسا.

لە ڕێگای هەوڵە مەزنەکان و قوربانییە زۆرەکان و دانی باجێکی قورس، چین لە گۆڕینی بارودۆخەکە سەرکەوتوو بوو.

لە ماوەی زیاتر لە مانگێک، بەرزبوونەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە ڕێگری لێکرا: بە نزیکەی دوو مانگ، بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی ژمارەی حاڵەتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەم بوویەوە بۆ ژمارەی تاک و بە سێ مانگ بە نزیکەیی، سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەستهێنرا لە جەنگی پارێزگاریکردن لە هەرێمی خوبەی و پایتەختەکەی کە شاری ووهانە. بەم دەستکەوتە ستراتیژیانە، چین پارێزگاری لە ژیان و سەلامەتی و تەندروستیی گەلەکەی کرد و بەشداریەکی گرنگی کرد لە پاراستنی تەندروستیی گشتیی هەرێمی و جیهانی. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە Science Mag-azine ئەم ڕێکارانەی کە لەلایەن چین گرتوونەتەبەر ژمارەی توشبووانی لە وڵاتەکە زیاتر لە 700000 کەم کردەوە.

هیچ وڵاتێک نییە نموونەی بێت یاخوود مەترسی جۆرە هێرشێکی لەم شێوەی لەسەر نەبێت، ئامانجی چین ئەوەیە کە بە ڕێکارەکانی ڕێگەگرتن و کۆنترۆڵکردنی پەتا بچێتەوە لە کاتی گونجاودا و بەهێزکردنی ڕێوشوێنە کاریگەرەکان و ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە پرۆسەکەدا دەدۆزرێتەوە و چاکسازی لە سیستەمی ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی بکات و بەهێزکردنی چاودێریکردنی نەخۆشی و توانای ئاگادارکردنەوەی پیشوەخت، باشترکردنی یاساکانی فریاگوزاری تەندروستیی گشتی و بەهێزکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی گەورە و ڕووداوەکانی فریاگوزاری تەندروستیی نێودەوڵەتی هاوکاری و پاڵپشتییەکی بە نرخی بۆ وڵات و گەلەکەی ئێمە دابینکرد. سەرۆکی زیاتر لە 170وڵات، بەڕپرسی 50 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمی و زیاتر لە 300حزب و ڕێکخراوی سیاسی بیانی لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفۆنی و نامە و لێدوان پاڵپشتی و پشتگیری خۆیان بۆ چین دەربڕی. حەفتا و حەفت وڵات و 12 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پێداویستی فریاگوزاری پزیشکیان بە چین بەخشی. هەروەها چەندین حکوومەتی خۆجێی و کۆمپانیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و خەڵک لە 84 وڵات هەڵستان بە بەخشینی کەلوپەل. پاکستان هەموو دەمامکەکانی لە لیستی کەلوپەلی نەخۆشخانە کۆکردەوە بۆ بەخشینی بە چین. وەزیری تەندروستیی میسری سەردانی چینی کرد بە 1ملیۆن دەمامکەوە. حکوومەتی میانمار برنجی دابینکرد، سریلانکا چای ڕەشی دابینکرد و مەنگۆلیا 30000 مەڕی بەخشی....هتد. گرنگ نییە بڕی چەند هاوکاری دابینکرا، هەموو ئەم هەڵوێستانە ڕەنگدانەوەی دۆستایەتی ڕاستەقینەن لەم کاتە سەختەدا.

لەو کاتەی گەلی چین دەجەنگا دژ بە کۆڤید ـ 19؟ خەڵکی کوردستانی عێراقیش بەزەیی و پاڵپشتی خۆیان بۆ چین دەربڕی بە چەندین ڕێگای جیاواز. چەندین بەرپرسی بااڵی حکوومەت، نوێنەرانی حزبە سیاسییەکان و هاوڕێ خۆجێیەکان سەردانی کۆنسوڵگەریەکەمانیان کرد. چەندین لە دۆستە کوردەکانمان نامەیان بۆ ناردین و پەیامیان لە فەیسبووک بۆ جێهێشتین و چەندین کورد لە هەموو بوارەکانی ژیان دروشمی (# گەلی چین ڤایرۆس نین) یان بەرزکردەوە. ئێمە هەڵوێستی میهرەبانیان بەرز دەنرخێنین. ئەم جۆرە هەڵوێستانە باوەڕبەخۆبوون و هێزیان پێ بەخشین بۆ جەنگان لەگەڵ ئەم پەتایە.

دووەم:

لەنێو زیادبوونی ژمارەی حاڵەتەکانی پەتاکە لە جیهان چین، کە پشکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا لە بەرەنگاربیەکانی لە جەنگی دژ بەم ڤایرۆسە، بە وردی و لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کار دەکات. ئەم هەوڵانەی چین، کە بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن جیهانەوە دانی پێداندراوە، بەشداری گرنگی هەبوو لە تەندروستیی گشتی جیهانی و بوو بە نموونەیەک بۆ چۆنیەتی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئایندە هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

سەرۆک شی خۆی بە تایبەت پەرەی بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی دا. لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ نزیکەی50 سەرۆکی بیانی و بەڕێوەبەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سەرۆک شی داوای لە هەموو لایەنەکات کرد بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی جیهانی خاوەن ئایندەیەکی هاوبەش و بەهێزکردنی هەماهەنگیە دووقۆڵی و فرە لایەنەکان. لە 18ی ئایار، وتاری کردنەوەی 73مین ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێشکەشکرد و شەش پێشنیاری خستە ڕوو: ئەوەی لە توانامان دایە ئەنجامی بدەین بۆ کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی کۆڤید ـ 19 بۆ پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە وەڵامدانەوەی جیهانی بۆ ڤایرۆسەکە، بۆ دابینکردنی پاڵپشتییەکی بەهێزتر بۆ ئەفریقیا، بۆ بەهێزکردنی حکومکردنی جیهانی لە بواری تەندروستیی گشتی، و بۆ گەڕاندنەوەی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەاڵیەتی و بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی. هەروەها زنجیرەیەک لە ڕێکارە سەرەکییەکانی ڕاگەیاند کە چین دەیگرێتەبەر بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم جەنگە جیهانییە، لە نێوانیاندا پێدانی بڕی 2 ملیار دۆلاری ئەمەریکی لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بە درێژایی دوو ساڵ و بنیاتنانی کۆگایەکی جیهانی بۆ وەاڵمدانەوەی مرۆڤایەتی و سەنتەرێک لە چین بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بەکارهێنانی ڤاکسینی کۆڤید ـ 19وەکو بەرهەمێکی گشتی جیهانی هەر لەگەڵ گەشەپێدان و بااڵبوونەوەی لە چین و دەستپێشخەری لە جێبەجێکردنی ڕاگرتنی قەرزی وڵاتە زۆر هەژارەکان بەیەکەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی 20.

چین هاوبەشی بە زانیاری و ئەزموونی خۆی کردووە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. چین هیچ کاتێکی بەفیڕۆ نەدا لە بااڵوکردنەوەی زانیارییەکانی وەکو زنجیرەی بۆ ماوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و نوێکارییەکان و لێکۆڵینەوە دیاریکراوەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بۆ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وڵاتانی تری پەیوەندیدار و ڕێکخراوە هەرێمییەکان، بەردەوام ئاگاداری کردووونەوە لە نوێکارییەکان. لێژنەی تەندروستیی نەتەوەیی چارەسەری بۆ دەستنیشانکردن، چارەسەرکردن،ڕێگەگرتن و کۆنترۆڵکردن داناوە و وەریگێڕاوە بۆ سێ زمان و لەگەڵ زیاتر لە 180وڵات و10 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمی هاوبەشی پێکردووە. دەستەی هاوبەشی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و چینی تایبەت بە کۆڤید ـ 19هەڵستا بە سەردانێکی مەیدانی بۆ بەیژینگ، چێنگدو، گوانگژۆ، شنژن، و ووهان و هەوڵەکان و سەرکەوتنی چینی لە ڕێگەگرتن و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسەکە بەرزنرخاند.

چین یارمەتی مرۆیی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دابینکردووە. تەنانەت ئەو کاتەی کە چین لە ژێر گوشارێکی زۆری کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوو، بە خێرایی هەڵستا بە دابینکردنی هاوکاری بە پێی پێویست بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. دوو کۆمەڵەی لە هاوکاری پارەی نەخت بە بڕی 50 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دابینکردووە، کە یارمەتی ڕێکخراوەکەی دا بۆ کڕینی کەلوپەلی پارێزەری تاکەکەسی و بنیاتنانی سەنتەری یەدەگی پێداویستی. تاوەکو 31ی ئایار، چین 29 تیمی پزیشکی پسپۆڕی بۆ 27 وڵات نارد‌ووە، هاوکاری پێشکەشی 150 وڵات و 4 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کردووە. تیمە پزیشکییەکانی ئاڕاستە کرد بۆ پاڵپشتیکردنی جەنگی خۆجێی کە لە56 وڵات جێگیرکران و ڕاوێژکاری و زانیاری تەندروستی پێشکەشی خەڵکی خۆجێی بکەن. تاوەکو ئێستا، زیاتر لە400 خولی ڕاهێنانی ئۆنلاین و ڕاستەوخۆیان لەم بوارە ڕێکخستووە. حکوومەتی خۆجێی، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوە نا حکومییەکان و تاک لە چین کەلوپەلیان بە زیاتر لە 150 وڵات و هەرێم و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەخشیووە.

چین ئامادەکاری پێویستی بۆ هەنارەدە کردنی ڕێکوپێکی کەلوپەلی پارێزەر ئەنجامداوە. لەگەڵ دانیابوون لە دابینکردنی پێداویستی خۆجێی، چین هەموو ڕێگایەکی تاقیکردۆتەوە بۆ دابینکردنی پاڵپشتی بۆ هەموو وڵاتان بۆ کڕینی کەلوپەلی پارێزەر. ئەمەش ئاسانکاری کردووە لە نێوان ڕێگاکانی داواکردن و پێشکەشکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری لۆژیستی ڕێکخراو و گواستنەوە و پیداویستی کەلوپەل، خێراکردنی کاروباری گومرگ. ڕێکاری کاریگەری گرتۆتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی(کوالێتی) بەرهەمەکان و ڕێکخستی پرۆسەی هەنارەدەکردن و دەرکردنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە گشت بازاڕە بیانییەکان و بەهێزکردنی سەرپەرشتیکردنی کوالێتی بازاڕ و هەنارەدەکردن، بە مەبەستی دابینکردنی کەلوپەل بە بەرزترین کوالێتی بۆ وڵاتان.

لە 1ی ئازار بۆ 31ی ئایار، چین کەلوپەلی پارێزەری بۆ 200 وڵات و هەرێم هەنارە کردووە، لەنێو کەلوپەلەکان 70.6 ملیار دەمامک، 340 ملیۆن جلوبەرگی پارێزەر، 115 ملیۆن جووت لە چاویلکەی پارێزەر، 96.700ئامێری هەناسەدانی دەستکرد، 225 ملیۆن کیتی تاقیگەیی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، و 40.29 ملیۆن گەرمپێو.

چین ئاڵوگۆڕ و هەماهەنگی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە لە بواری تێڕوانینەوەی زانستی. پەیوەندی و ئاڵوگۆڕەکانی هاوکار بوون لە جەنگان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ، ئەمەش دۆستایەتی ڕاستەقینەی نێوان ئەم دوو گەلە نیشان دەدات.

سێیەم

بڵاوبوونەوەی کۆڤید ـ 19بە هەموو جیهاندا بووەتە هۆی نیگەرانییەکی زۆر. هەرێەک لە جەنگان بۆ کپکردنی ڤایرۆسەکە و ڕوبەڕوبوونەوەی قەیرانی جیهانی، داوایەکە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بوەستن و هاوبەش بن لە هەماهەنگیدا. هەروەها داوای فرەیی و پابەندبوون بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی جیهانی خاوەن داهاتوویەکی هاوبەشەوە دەکەن. پشتگیریکردن و هەماهەنگیکردن بریتین لە دوو بەهێزترین چەک لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە جەنگی دژ بەم ڤایرۆسە. ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەین، دیاری دەکات کە چۆن دەبین لە داهاتوودا.

دوژمنی هاوبەشی مرۆڤایەتی بریتییە لەم ڤایرۆسە، نەوەکو هیچ وڵاتێک یاخود نەتەوەیەکی دیاریکراو. پێوبستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پەلە هەڵوێست بنوێنێت و یەکگرتوویی نیشان بدات و هەماهەنگی لە هەموو بەرەکانی جەنگ بەهێز بکات و دەستبەرداری ڕق و کینە و لووت بەرزی بێت و بەڕووی هەموو ئەوانە بوەستێت کە خۆیان دەکەن بە قۆچی قوربانی و خۆیان هەڵدەخەڵەتێن لەپێناو بەرژەوەندی تاکە کەسی، هەروەها بە ڕووی لەکەدارکردن و بە سیاسەتکردنی ڤایرۆسەکە بوەستێت.

هەرگیز میلەتی چینی بەرانبەر نەهامەتییەکان نەشکاوە. هەرچەندە بەرەنگارییەکان قورستر بووبێت، بە چاونەترسی و بوێرییەکی زیاتر ڕووبەڕووی بوونەتەوە. زاڵبوون بەسەر سەختییەکان یارمەتیدەری چین بووە تا بەهێزتر بێت، لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، گەلی چین بە یەکگرتووی بە ڕووی ڤایرۆسەکە وەستان و هەوڵەکانیان یەک خست. ئەوان سەرکەوتوو بوون لە لەخۆگرتنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

ئێستا، لەو کاتەی ڤایرۆسەکە بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە و بووەتە هۆکاری چەندین وێرانکاری لە جیهاندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت ڕووبەڕووی سەختی و بەرەنگاری مەزنتر ببێتەوە. لەم جەنگەدا چین هەمیشە پاڵپشتی وڵاتانی تر دەکات. ئەم پەتایە کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، بەاڵم تامەزرۆیی خەڵک بۆ ژیانێکی خۆش بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. ئاشتی، گەشەسەندن، هەماهەنگی لە پێناو سوودمەندبوونی دوو لایەنە سەردەکەوێت. دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشی دێت. تاوەکو گەلانی دونیا بەردەوام بن لە پارێزگاریکردن لە هیوا و خەونەکان و لە باوەشکردنی بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی جیهانی خاوەن داهاتوویەکی هاوبەش و یەکگرتن لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی هاوبەش، دەتوانین بەسەر هەموو ئەم سەختی و بەرەنگاریانە زاڵ ببین و جیهانێکی باشتر بۆ هەموو لایەک بنیات بنێین.

مێژووی دوور و درێژی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان گەلی چین و گەلی کورد بۆ 2000 ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئاڵوگۆڕ لەبواری جیاجیادا لە نێوان هەردوو گەلەکە بەردەوام بوو، تێگەیشتنی دووڵایەنە بەردەوام لە قووڵ بوونەوەدا بووە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە، گەلی چین بە هێزەوە لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانی دەوەستێت، سەختییەکان هاوبەشی پێدەکات و بەیەکەوە کاردەکەن. بەو هەماهەنگییە بەهێزەی لە نێوانماندا هەیە، بە دڵنیایەوە سەرکەوتنی کۆتای لە جەنگی دژ بەم ڤایرۆسە بەدەستدەهێنین لە چین، عێراق و هەرێمی کوردستان و تەواوی جیهان.

تێبینی: ئەم وتارە لەلایەن کونسوڵخانەی چین لە هەولێر بۆ خەبات نێردراوە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای جیهانی پزیشکی، ئیحسان بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆربی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، شێروان سالح عەلی: هەندێک خواست هەیە خەڵک داوای دەکەن وەک نەبوونی ئەو تێلەی کە لەسەر ماسکەکە هەیە، ئەویش قۆناغی سەرەتا بوو، ئێستا ئەوەمان قەدەغە کردووە .

بەڕێوەبەری کۆمپانیای جیهانی پزیشکی، ئیحسان تاج عەبدولساحیب: دوو جۆر ماسکمان هەیە، جۆرێکیان ئەو تێلەی نییە کە دەکەوێتە سەر لووت، ئەمەش بەهۆی خواستی زۆری هاوواڵاتییانەوەیە، جۆرەکەی دیکەیش تێلی هەیە و ئەمەیش زیاتر لە نەخۆشخانەکان بەکار دێت .

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی و خۆپارێزی لە جیهان و هەرێمی کوردستان لەڕووی نرخەوە تووشی قەیرانێکی گەورە بوو، بە جۆرێک کە یەک کارتۆن ماسک لە هەرێمی کوردستان لە دوو هەزار دینارەوە گەیشتە 25هەزار دینار و هاوواڵاتییانیش بە ئاسانی بەدەستیان نەدەکەوت، چونکە زۆربەی ماسکەکان لە واڵاتی چین هاوردە دەکران و بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەمەش بەکردەوە بۆ هەموو پێکهاتەکان و تایبەت بۆ براکانمان لە تورکمانەکان سەلێنراوە، هاوکات ئایدن مەعروف خۆشحالی خۆیان بەم هەنگاو و پێشوە چونانەی نێوان هەردوولا دەربڕی و پاڵپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ سەرکەوتنی حکومەتی کوردستان تا دواین هەنگاوەکانی ئەم کابینەیە لەپێناو زیاتر خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی و مافی هەموو پێکهاتەکان بەگشتی دووپات کردەوە.

بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆربی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، شێروان سالح عەلی: هەندێک خواست هەیە خەڵک داوای دەکەن وەک نەبوونی ئەو تێلەی کە لەسەر ماسکەکە هەیە، ئەویش قۆناغی سەرەتا بوو، ئێستا ئەوەمان قەدەغە کردووە .

بەڕێوەبەری کۆمپانیای جیهانی پزیشکی، ئیحسان تاج عەبدولساحیب: دوو جۆر ماسکمان هەیە، جۆرێکیان ئەو تێلەی نییە کە دەکەوێتە سەر لووت، ئەمەش بەهۆی خواستی زۆری هاوواڵاتییانەوەیە، جۆرەکەی دیکەیش تێلی هەیە و ئەمەیش زیاتر لە نەخۆشخانەکان بەکار دێت .

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی و خۆپارێزی لە جیهان و هەرێمی کوردستان لەڕووی نرخەوە تووشی قەیرانێکی گەورە بوو، بە جۆرێک کە یەک کارتۆن ماسک لە هەرێمی کوردستان لە دوو هەزار دینارەوە گەیشتە 25هەزار دینار و هاوواڵاتییانیش بە ئاسانی بەدەستیان نەدەکەوت، چونکە زۆربەی ماسکەکان لە واڵاتی چین هاوردە دەکران و بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەمەش بەکردەوە بۆ هەموو پێکهاتەکان و تایبەت بۆ براکانمان لە تورکمانەکان سەلێنراوە، هاوکات ئایدن مەعروف خۆشحالی خۆیان بەم هەنگاو و پێشوە چونانەی نێوان هەردوولا دەربڕی و پاڵپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ سەرکەوتنی حکومەتی کوردستان تا دواین هەنگاوەکانی ئەم کابینەیە لەپێناو زیاتر خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی و مافی هەموو پێکهاتەکان بەگشتی دووپات کردەوە.



شاری کەرکوک پێویستی بەهەماهەنگی و کارکردنی هاوبەشی زیاترە

بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆربی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، شێروان سالح عەلی: هەندێک خواست هەیە خەڵک داوای دەکەن وەک نەبوونەوەی فراوانی پەتای کۆرۆنا و هەنگاوەکانی خۆپارێزی و زیانە گیانیەکان لەم بارەیەوە باسی لێوە کرا، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی کوردو تورکمان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆربی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، شێروان سالح عەلی: هەندێک خواست هەیە خەڵک داوای دەکەن وەک نەبوونەوەی فراوانی پەتای کۆرۆنا و هەنگاوەکانی خۆپارێزی و زیانە گیانیەکان لەم بارەیەوە باسی لێوە کرا، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی کوردو تورکمان

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و بەرپرسی بەرەی تورکمانی تەئکیدیان کردەوە شاری کەرکوک پێویستی بەهەماهەنگی و کارکردنی هاوبەشی زیاترە لەپێناو ئاسایی کردنەوەو گەرانەوەی موتمانەو ڕێگە گرتن لەکارە نایاساییەکان.

دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد. لە سەرەتای دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و شاری کەرکوک و باروودۆخی ئابووری و تەندروستی و بلاوبوونەوەی فراوانی پەتای کۆرۆناو هەنگاوەکانی خۆپارێزی و زیانە گیانیەکان لەم بارەیەوە باسی لێوە کرا، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی کوردو تورکمان

رانیە... لقی 11ی پارتی سەردانی مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕینی یەکێتیی کرد



ڕێکەوتی14/6/2020 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شاندێکی یاوەری سەردانی مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرپرسی مەڵبەندو کارگێڕانی مەڵبەندەوە پێشوازییان لێکرا.

مەبەستی سەردانەکەی شاندی لق بۆ پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی مەلا ئاری لێپرسراوی نوێی مەڵبەند و پیرۆزبایی سااڵیادی دامەزراندنی یەکێتی بوو.

هەر لەو سەردان و دانیشتنەدا، گفتوگۆ کرا لەبارەی بارودۆخی سنوورەکە، پەتای کۆرۆنا و لێکەوتەکانی و هەوڵدان بۆ خۆپاراستن بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، پێویستی هەبوونی پەیوەندیی بەردەوامی نێوانیان و پەیوەندی و هەماهەنگی گشت حزب و لایەنەکان لەو سنوردا لە پێناوی دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی جەماوەری ئەو دەڤەرە کوردپەروەرە، کردنەوەی مەرزی کێڵێ.

فارس نەورۆڵی: حوکمڕانی باش ئەوەیە بەردەوام چاکسازی بکات

گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی- هەڵەبجە دەڵێ، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت پرۆسەی چاکسازی جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستە حزبەکان هەموویان هاوکاربن.

فارس نەورۆڵی گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی- هەڵەبجە دەڵێ، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت پرۆسەی چاکسازی جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستە حزبەکان هەموویان هاوکاربن.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی پشکنینی ئەو کارمەندە و ڕاگرتنی دەوامی دادگای دووکان، نەخۆشخانەی شەهید کایەکاندا بکات و، داپەڕوەری فەراهەم بکات، ئێمە جیاواز لەمیللەتانی دیکە لەبەرئەوەی دەوڵەتمان نییە نەمانتوانیووە لەحاڵەتێکی سروشتیدا حوکمڕانی بکەین، ساڵی 1992حکوومەتی هەرێم پێکدێت لەسەر جوگرافیایەکی هیلاک، چونکە بەعس سەرخان و ژێرخانی وێرانکردبوو، بۆیە حکوومەت لەسفرەوە دەستی پێکرد، لەکابینەی یەکەمەوە دەسکرا بەپرۆسەی ئاوەدانی واتە چاککردنەوەی ئەوەی بەعس وێرانی کردبوو کابینەکانی حکوومەت بێگرفت نەبوون، کە قورسترینیان شەڕی داعش و شەڕی ئابووری بوو، بەڵام سەردڕای کەموکورتییەکان توانرا هەرێم دەربازکات.

فارس نەورۆڵی ئاماژەی بەوەدا، کابینەی نۆ وەک کابینەکانی دیکە لەلایەن ناحەزانی هەرێم گرفتی بۆ دروست دەکرێ ، ئێستا جگە لە بەڵای کۆرۆنا بەردەوام شەڕی ئابووری و دەروونی لەسەرە و بۆ چارەی دۆخی ئابووری دەیەوێت چاکسازی بکات.

هەروەها پارتی لەبەرئەوەی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا دروشمی چاکسازی هەڵگرتبوو، بۆیە سەرۆکی حکوومەت دەیەوێ ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت، پرۆسەی چاکسازی هەموو حیزبەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بۆیە پێویستە ئێستا پشتگیری بکەن چی لەخزمەتی خەڵکدایە بەهەموو لایەک هاوکاربن.

هاتووچۆی هەولێر شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە، کە لەناو تونێلی پیرمام کامێرای چاودێری خێرایی دانراوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بڵاوی کردەوە کە سەرجەم شۆفێران دەکەینەوە، لەناو تونێلی پیرمام کامێرای چاودێری خێرایی دانراوە، و لە ئەمڕۆوە دەکەوێتە کارەوە.

ڕاشیدەگەیەنن، زیاترین خێرایی ڕێگاپێدراو لەناو تونێلەکە (70)کم ە لە کاتژمێرێک، بۆیە بۆ پاراستنی خۆتان و کەسانی تر لە سنووری ئەم خێراییە لێخورپن بکەن.

کوالیتی دروستکردنی ماسکی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنرێتە ئاستی ستانداردی جیهانی



ڕێکارەکانیش فڕۆکەخانە و سنوورەکان داخران، ئەمەیش کاریگەری کردە سەر بەئاسان دەستکەوتنی ماسک و دەستکێش.

لە میانی جێبەجێکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای جیهانی پزیشکی کارگەیەکی دروستکردنی ماسکی لە هەولێر کردەوە کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر ماسک بەرهەم دەهێنێت و ئەمەیش وایکرد کە ترس و دڵەڕاوکێی هاوواڵاتیان بۆ دەستکەوتنی ماسک کەمتر بێت، سەرەڕای ئەوەیش هاوواڵاتیان تێبینییان لەسەر کوالێتی ماسکەکە هەیە بەهۆی نەبوونی ئەو تێلەی دەکەوێتە سەر لووت و کورتی ئەو لاستیکەی کە لە گوێچکەکان دەکرێت، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆربی دەرمان و پێداویستی پزیشکییش ئاماژە بەوە دەکات کە کوالێتی ماسکەکان خراپ نییە، بەڵام زۆر بەرزیش نین.

باشمان لە خوێن هەیە، هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستەی نەخۆش پێویستی پێبێت و نەتوانین بۆی دابین بکەین، لە دەستپێکی ئەم پەتایە بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی تەندروستیمان ئاگادارکردووە کە ئامێری پێویست و سێتی پێوستمان هەیە بۆ دابینکردنی پلازما، خۆشبەختانە چەند حاڵەتێک هەبوون لەوانەی چاکبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنان، هاتوون و پلازمامان لێبان وەرگرتووە .

کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان لە ساڵی2002 دامەزراوە، لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە 10هەزار ئەندامی خوێنبەخشی خۆبەخشیان هەیە، تەنیا لە ماوەی کەرەنتین و قەدەخەی هاتووچۆدا زیاتر لە دوو هەزار بوتڵ خوێنیان بەخشیوەتە بانکی خوێنی هەولێر. سەرجەم ئەو بوتڵە خوێنانەش لە ماوەی قەدەخەی هاتووچۆدا بەخشراونەتە بانکی خوێنی هەولێر زیاتر لە 10هەزار و 200 بوتڵە.

عەبدولقەهار عەلی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات خزمەتی ئەو کۆمەڵگایەمان کردووە و ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە خوێن بووە، یان نەخۆشانی تالاسیما ، لەلایەن پارێزگار و قایمقام و چەند باجێکی ڕێگەپێدانمان دەستخست تاوەکو خوێنبەخشان بگوازینەوە بۆ بانکی خوێن بە پێگیرکردن بە ڕێنمایی تەندورستی، بۆئەوەی بالانسی خوێن دانەبەزێت لە بانکی خوێن.

لە ساڵی 2005ڕێکخراوی تەندورستیی جیهانی 14ی حوزەیرانی وەکو ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشین دیاریکردووە، دروشمی ئەمساڵیان خوێن ببەخشە، ژیان بپارێزە یە.

یەکەم تووشبووی کۆرۆنا لە دوکان تۆمارکرا و دادگای قەزاکەش کەرەنتین دەکرێت

یەکەم تووشبووی کۆرۆنا لە سەنتەری قەزای دووکان تۆمارکرا کە کارمەندێکی فەرمانگەی دادنووسی قەزاکەیە و تەمەنی 40 ساڵە. سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانیش بڕیاریدا بۆ ماوەی دوو هەفتە دادگای دووکان کەرەنتین بکرێت و پشکنین بۆ هەموو ئەو کارمەندانە بکات کە بەرکەوتنیان لەگەڵ هەبووە.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی پشکنینی ئەو کارمەندە و ڕاگرتنی دەوامی دادگای دووکان، نەخۆشخانەی شەهید غەریب هەڵەدنی ئاگادارکراوەتەوە تاوەکو پشکنین بۆ بەرکەوتووانی ئەو کارمەندە و کارمەندانی دیکەی دادگای دووکان بکەن، بەتایبەت ئەوانەی هەست بەدەرکەوتنی نیشانەکانی ئەم ڤایرۆسە دەکەن.

دکتۆر محەممەد هەمەوەندی، لێپرسراوی لیژنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە قەزای دووکان ڕایگەیاند، ئەو کارمەندە تەمەنی 40 ساڵە و دانیشتوی قەزای دووکانە. پێشتر لە نەخۆشخانەی جموجووری لە سلێمانی خەوێنراوبو و دوای ئەوەی پشکنینی بۆ کراوە بۆی دەرکەوتووە تووشی کۆرۆنا بووە و ئێستا لە نەخۆشخانەی جموجووری سلێمانییە و باری تەندروستی مام ناوەندە.

فەرمانگەی دادنووسی دووکان لەنێو بینای دادگای دووکاندایە، هەر لەبەرئەوەیە بڕیاردراوە کە تەواوی دادگا کەرەنتین بکرێت لە ڕۆژی 15- 06 تا ئەوکو 2020/06/29.

پێشتر دوو کەسی دیکە لە سنووری قەزای دووکان تووشی کۆرۆنا بووبوون، بەڵام ئەو کەسەی دوێنێ ڕاگەیێندراوە یەکەم تووشبووی کۆرۆنایە لەنێو سەنتەری قەزاکە.

سیروان سەرحەد، قایمقامی قەزای دووکان ڕایگەیاند، وەک ئیدارەی قەزاکە کۆمەڵێک ڕێوشوێنیان گرتووەتەبەر و داواش دەکات هاونیشتمانییان زیاتر گرنگی بە خۆپارێزیان بدەن و دەشڵێت: مەڵبەندی خۆپارێزی تەندروستی دووکانیان ئاگادارکردووە کە دەرمانێژی دادگای دووکان و مالی کارمەندەکە بکەن وەک هەنگاوی سەرەتا.



لە ماوەی قەدەخەی هاتووچۆدا 10 هەزار و 200 بوتڵ خوێن بەخشراونەتە بانکی خوێنی هەولێر

بەشێک لە هاونیشتمانیان لە ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشین بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە کۆرۆنا ، چوون خوێن ببەخشن.

بانکی خوێنی هەولێر بە پێی ستانداردی جیهانی کاردەکات، تاکە بانکە کە خوێن وەردەگرێت لە هەولێر و بەردەوام یەکەی خوێنی پێویست ڕەوانەی 39 نەخۆشخانە لە هەولێر دەکات، لە ساڵی 2019 زیاتر لە 62 هەزار یەکەی خوێنیان وەرگرتووە؛ لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، ئێستا پلازمای خوێنیش بۆ چارەسەری تووشبووانی ڤایرۆسەکە وەردەگرن بۆ نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا.

د. هۆشیار یاسین، بەڕێوەبەری بانکی خوێنی هەولێر دەڵێ لە هەموو جۆرەکانی خوێن هەم زائید و هەم ناقس بڕێکی خوێنی هەولێر زیاتر لە 10هەزار و 200 بوتڵە.

عەبدولقەهار عەلی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات خزمەتی ئەو کۆمەڵگایەمان کردووە و ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە خوێن بووە، یان نەخۆشانی تالاسیما ، لەلایەن پارێزگار و قایمقام و چەند باجێکی ڕێگەپێدانمان دەستخست تاوەکو خوێنبەخشان بگوازینەوە بۆ بانکی خوێن بە پێگیرکردن بە ڕێنمایی تەندورستی، بۆئەوەی بالانسی خوێن دانەبەزێت لە بانکی خوێن.

لە ساڵی 2005ڕێکخراوی تەندورستیی جیهانی 14ی حوزەیرانی وەکو ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشین دیاریکردووە، دروشمی ئەمساڵیان خوێن ببەخشە، ژیان بپارێزە یە.

www.xebat.net
ژمارە (5954) 2020/6/16 ساڵی شەشەم

دهۆک.. هەیفا محەمەد یەکەم ئافرەت کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری لێخوڕیووە

یەکەم ئافرەت بووە مۆڵەتی گشتیی شوفێری وەرگرتووە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆکەوە خەڵات کراوە





هەیفا محەمەد: جگە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و گەورە، توانای چاککردنەوەی زۆر کێشەی ئۆتۆمبێلیشم هەیە

خەبات: دهۆک

یەکەم ئافرەت کە لە سنووری پارێزگای دهۆک مۆڵەتی گشتیی شوفێری بەدەست هێناوە و هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک لێ دەخوڕێت و کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلیش بە باشی دەزانێت، ئێستا پیشەکەی کردووەتە ئەوەی کە ئافرەتان فێری شوفێری بکات و لە نووسینگەیەکی تایبەت بە فێرکردنی شوفێری زیاتر لە دوو هەزار ئافرەتی فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کردووە.

هەیفا محەمەد یەکەم ئافرەتە کە لە دهۆک، ئەو ئافرەتەیە کە لە سنووری پارێزگاکە یەکەم ئافرەت بووە کە بتوانێت مۆڵەتی گشتیی شوفێری بە دەست بهێنێت و ئێستا هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک لێ دەخوڕێت بە ئۆتۆمبێلی پیک ئاپ و بارهەڵگرێشەوە.

ئافرەتە راهێنەری فێرکردنی شوفێری، هەیفا محەمەد لە بارەی ئەزموونی کارەکەی قسەی کرد و گوتی: "زۆر حەزم لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل هەبووە، بۆیە هەر زوو دەستم بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کرد و بەرلە پێنج ساڵ من یەکەم ئافرەت بووم لە سنووری پارێزگای دهۆک کە بتوانێت مۆڵەتی گشتیی شوفێری بە دەست بهێنێت و ئێستا هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک لێ دەخوڕێت بە ئۆتۆمبێلی پیک ئاپ و بارهەڵگرێشەوە.

ئافرەتە راهێنەری فێرکردنی شوفێری، هەیفا محەمەد لە بارەی ئەزموونی کارەکەی گشتیی شوفێریم وەرگرت بیرم لەوە کردەوە کە ئافرەتانی سنووری پارێزگای دهۆک فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بکەم، چونکە ئەو کات کەم ئافرەتی دهۆک ئۆتۆمبێلیان لێ دەخوڕی، بۆیە بەرلە پێنج ساڵ لە نووسینگەیەکی تایبەت بە فێرکردنی شوفێری کە بەشی ئافرەتانی کردەووە لەوێ دەست بە کار بووم و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامم لەسەر کارەکەم و زیاتر لە دوو هەزار ئافرەتی سنووری پارێزگای دهۆکم فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کردووە.

هەیفا محەمەد دەشڵێت: خێزاندارم و خاوەنی سێ منداڵم، هاوسەرەکەم زۆر یارمەتیم دەدات و ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەتوانی ئەو کارەی ئێستا بکەم.


هەیفا محەمەد لە بارەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گەورە و بارهەڵگریشەوە گوتی: لەبەر ئەوەی من ڕاهێنەری شوفێریم و دەتوانم خەڵک فێری لێ خوڕینی ئۆتۆمبێل بکەم، بیرم لەوە کردەوە کە مادەم دەتوانم خەڵک فێر بکەم، دەبێت بتوانم هەموو ئۆتۆمبێلێک لێ بخوڕم و حەزیشم هەبوو کە ئۆتۆمبێلی گەورە لێ بخوڕم بۆیە بەشداری خولێک بووم بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بێ ئەوەی پێشتر ئەو ئەزموونەم هەبێت، من یەکەم دەرچووم لەسەر خولەکە و ئێستا هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی گەورە لێ دەخوڕم. ئەو باسی لەوەیش کرد کە جگە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی بچووک و گەورە، توانایەکی باشیشی هەیە لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و گوتی: زۆر جار من خۆم هەندێک کێشەی ئۆتۆمبێلەکەم یان ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لێیان دەخوڕم چارەسەر دەکەم.

هەیفا محەمەد لە کۆتایی قسەکانییدا گوتی: زۆر لە ئافرەتانی سنووری پارێزگای دهۆک تەنانەت کوردستانیش ئەو جورئەتە ناکەن کە ئۆتۆمبێل لێبخوڕن، من پێیان دەڵێم ئافرەتیش وەکو پیاو هەموو توانایەکی هەیە و ئەگەر ئیرادەیان هەبێت نەک تەنیا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەڵکو دەتوانن هەموو کارێک بکەن.

هەیفا محەمەد یەکەم ئافرەت بووە لە سنووری پارێزگای دهۆک کە بتوانێت مۆڵەتی گشتیی شوفێری بە دەست بهێنێت و یەکەم ئافرەتیش بووە لە سنووری پارێزگاکە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لێخوڕێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆکیش ڕێزی لێ گیراوە و خەڵات کراوە.

سۆشیال میدیا وەک هۆکارێک بۆ دڕووستبوونی گوشارە دەروونییەکان

مامۆستایەکی زانکۆ: بەشی زۆری گوشارە دەروونییەکان لە کوردستان، میدیا و سۆشیال میدیا دروستیکردوون



ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

لەڕۆژگاری ئێستادا بە هۆی زیاتر ئاڵوودەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بە سۆشیال میدیاوە، کە ڕۆژانە هەواڵ و بابەتی خۆش و ناخۆش یاخود ئەرێنی و نەرێنی بەرچاو دەکەون، بێگومان ئەمەش بێ کاریگەری نابێ لەسەر لایەنی دەروونی تاک و گوشاری دەروونی دروست دەکات و بەزۆر شێواز لە ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتی تاکدا خۆی دەنوێنێت، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین جۆرێتی ئەو گوشارە دەروونیانە و کاریگەرییەکانی بخەینە بەر باس.

ئەرشەد شوانی مامۆستای زانکۆ بۆ خەبات گوتی: ڕۆژانە بەهۆی سەرقاڵیمان لە کار و ژیانی ڕۆژانەماندا تووشی گوشاری دەروونی دەبین و کاریگەری نێگەتیف لەسەرمان جێدەهێڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین تێپەڕێنین و زاڵبین بەسەریدا، لەم بابەتەدا زیانەکانی گوشاری دەروونی دەخەینەڕوو ئەگەر بەردەوام بێت و چارەسەری نەکەین، ڕێکخستنی خەو تێکدەدات و گوشار دەروونی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ زیادەکات، پزیشکەکان دەڵێن نیگەرانی و دڵەڕاوکێ هۆکاری سەرەکی تێکچوونی خەوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کەم خەویەکەش دەبێتە هۆی زیادکردنی گوشار و بەو جۆرە سووڕی" کەم خەوی- دڵەڕاوکێ" دووبارە دەبێتەوە، تەندروستی پێست تێکدەدات تووڕەڕەوان دەڵێن، گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی خراپترکردنی نەخۆشی و کەموکوڕییەکانی پێست، گوشاری دەروونی نابێتە هۆی دروستکردنی

زیپکە، بیرۆ، گەڕی و کێشەکانی تری پێست، بەڵام ئەگەر ئەو کێشانەت هەبێت ئەوا لێت خراپتر دەکات، گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی درەنگ چاکبوونەوەی برینداری و ڕۆشاوی پێست بۆ تەندروستی دڵ خراپە

لەکاتی گوشاری دەروونیدا، ئادرێناکین بەڕێژەیەکی زۆر و نائاسایی دەڕژێت، کە ئەمەش گوشاری خوێن و لێدانی دڵ تێکدەدات بەرگری لەش لاواز دەکات. ئەو کەسانەی بەبەردەوامی گوشاری دەروونیان هەیە سستی بەرگری لەشیان لاواز دەبێت و زیاتر توشی نەخۆشیە درمەکان دەبن،وەک کۆکە،هەڵامەت و سەرئێشە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا کێ ئەم گوشارانە دروستی دەکات؟ مامۆستا ئەرشد گوتی: بەشی زۆری گوشار دەروونییەکان لە هەرێمی کوردستان میدیاکان لەسەر تاک کورد دروستی دەکەن، بەهۆی قەیران و کێشە سیاسییەکانی نێوان، ئێستا ڤایرۆسی کۆرۆنا گوشارێکی یەکجار زۆر دەروونی لەسەر خێزان و سەرۆکی خێزانەکان دورستکردووە ئەمەش ڕاستەخۆ کاردانەوە و کاریگەر لە سەر خێزان دەبێت لە ماڵەوە دواتر کاریگەری دەکەوێتە سەر کۆمەڵگا بە گشتی، بۆیە ژینگەو میدیا و نەبوونی پارەو کێشە سیاسیەکان و شەڕ و تیرۆر و تەڵق و کوشتن ئەوانە هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی گوشاری دەروونی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی.

پەیام حازم چالاکوانی مەدەنی لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەبات گوتی: لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە هەمانوێت یاخود نا کۆمەڵێک گوشاری دەروونیمان بۆ دروست دەبێت، ئەم گوشارانە بە پێی گرنگی بابەتەکان کاریگەریان لەسەر جێدەهێڵن، زۆر کات بە ئەندازەیەکە هەوڵدەدین چەند ڕۆژێک لە سۆشیال میدیا دوورکەوینەوە، چونکە هەست بە نا ئارامی دەکەرێت، دیارەکان بە حاڵەتێکی زیاد لە پێویست زەق دەکرێتەوە و هەمیشەش نا هۆشیاری تاکمان لە بەر چاو دەبێت لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی کە بڵاوی دەکەنەوە.

پەیام حازم گوتی: بۆ پرسیاری ئەوەی کێ دروستی دەکات؟ دەکرێت بڵێم زۆربەمان بەشدارین لە دروستکردنی ئەم گوشارانە، بەڵام بەتایبەت تر میدیاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەجۆرێک کە میدیا هەستی بەوە کردوە زیاتر دەتوانیت لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە بە خەڵک بگات، بۆیە ئامانجەکانیان گواستووەتەوە بۆ ناو پەیج و ئەکاونتەکانیان لە سۆشیال میدیا، جگە لەمانە کۆمەڵێک کەسی نەناسراو لە ڕێگە پەیجەکانەوە بە زەبری پارە ترس بڵاو دەکەنەوە، بێگومان ئەمانە هەمووی کاریگەری خراپیی دەبێت لەسەر دەروونی تاک.چارەسەر دەبێت لایەنی بەرپرس ڕێبگرێت لەم جۆرە زۆری و بۆربیە و دەبێت تاکیش خۆی هۆشیار بێتەوە هۆشیاری تاک زۆر گرنگە.

چالاکوانێکی مەدەنی: بەشێک لە میدیاکان ئامانجەکانیان گواستۆتەوە بۆ سۆشیال میدیا



دوژمنان تەبابیان کردۆتەوە ئامانج با هوشیار بین



رێبوار حەمەلاو شوانی

بەدرێژایی مێژوویی دوور ونزیکی شۆڕش و ڕاپەرینەکان و نزیکبوونەوە لە بەدەسهێنانی سەرکەوتن ودەستکەوتی گەورە، گەورەترین خاڵی لاوازی گەلی ئێمە نەبوونی هوشیاری و ئاگایی یەکریزی بووە کە لەو بۆشاییەوە توانیویانە هەموو سەرکەوتنەکان بگەڕێنەوە بۆ خاڵی سفر. ئەوەش زیانی گەورەی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان داوە.

لە ولاتان بە هۆی هەستی بڵندی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی گەل ، لە کاتە هەستیارو ناخۆشەکاندا ، هەموان دەبنە یەک دەنگ و جیاوازی و ناکۆکییەکان بەلاوە دەنێن بۆ چارەسەر کردنی کێشە وکۆسپەکانی بەردەمیان . لە کوردستان هەموو ئەو ئاڕاستانە پێچەوانەی یەکترن و لە جیاتی پشتیوانیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوا شکۆی گەل و نیشتیمان و ئاسایشی نەتەوەیی دەخەنە مەترسییەوە .

نەیاران هەمیشە ولەو کاتانەی کە هەستیان بە ناتەبایی و یەک نەبوونی نێوماڵی کورد کردۆتەوە وبستیوبانە گورزی خۆیان بوەشێنن زیان بەو یەکرێزییەی کلیکی سەرکەوتنە بگەێنن ، بەو واتایەی کە وروژاندن یان بە کۆمەڵایەتیکردنی ئامانجداری بابەتێک یان دیاردەیەک لەلایەن کەس یان هێزێکەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە. هەر بە هەمان هۆی ژێردەستبوونی درێژخایەنی کوردستان، خەڵکی کورد بەشێوەیەکی دوورمەودا لەگەڵ شێوەیەک لە سیاسەتی داگیرکاری ئاشنایە کە هەموو شتێک و هەموو دیاردەیەکی بە بەرنامەیەکی سیاسی دژی خەڵکی کوردستان پێڕەو کردووە.

راستە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، هێزی یەکەمی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەی بەدەستهێناوە و تێیدا دوو هێزی تریش هاوبەشن ، بەڵام جێگەی سەرسورمانە ،سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە سەرەتایی دەستبەکاربوونەوە، بە حکومەتی کوردستانیانی ناوبرد نەک تەنها حزبێک بە ڵام جێگەی داخە، دیسان لە قۆناغە هەستیارەکاندا ، هەمیشە کاریان بۆ بچووکردنەوەی دەستکەوتەکان و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بەردەم رێگەی کوردستانیان کردۆتەوە .لەگەڵ ئەوەشدا کاریان لە سەر خۆلقاندنی قەیران ودڵەڕاوکێ کردووە . ئەو لایەنانە بەتایبەت یەکێتی ، کە بە پێی رێژەی کورسییەکانی مافی خۆی پێدراوە و رەنگە بەزیادیشەوە ، لە بڕی یەکریزی و هێزێکەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە. هەر بە هەمان هۆی ژێردەستبوونی درێژخایەنی کوردستان، خەڵکی کورد بەشێوەیەکی دوورمەودا لەگەڵ شێوەیەک لە سیاسەتی داگیرکاری ئاشنایە کە هەموو شتێک و هەموو دیاردەیەکی بە بەرنامەیەکی دروستکراوەکان و کە ئەوانەی کە چەندین ساڵە خۆیان بەشداری حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانن لە قۆناغە دژوارەکاندا خۆیان لە بەرپرسیاریەتی دەدزنەوە و دڵەڕاوکێ و قەیران و ناتەبایی لە نێو ریزەکانی کوردستان دروست دەکەن .لە رابردوو هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندان قەیران بۆتەوە بەتایبەتی قەیرانی دارایی، خۆشبەختانە هەوڵی زۆر هەیە لە کەناڵی جیاوازەوە بۆ چارەسەرکردن، لە هەمان کاتدا هەنگاوی چاکسازی دەستی پێ کردووە تا بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بەتەواوی ئۆمێد بالّ بەسەر کوردستاندا بکێشێت و ژیان بووژێتەوە. بیر بکەوە چەند مانادار دەبوو حزبەکان هەریەکەیان لای میلەتی بگرتایە و هانی حکوومەت بدەن ئەو گەندەڵی و بندیوارانە ببڕن کە لە رابردوو بەهۆی زۆریی پارەوە کراون، میللەت لە بارودۆخی وەهادا هەرگیز هەستی بە قەیران نەدەکرد، بەڵام خۆشبەختانە حکوومەتی کوردستان بەهێزەوە دووپات لە چاکسازی دەکات، ئەوەی ئایندەیەکی باش بۆ کوردستان دێنێتە ئاراوە. پێوستە، هەمووان بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم ڕەوشەدا مامەڵە بکەین و هەموان پشتیوانی هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان بکەن بۆ پێداچوونەوە بە قەیرانەکانی دارایی و تەندروستی و بەیەکهەڵوێست کوردستان بەهێزتر بکەین.

بەبۆنەی 12ی حوزەیران.. رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان

جەستەیەک لەبەر خۆر و چاوێکی پڕ لە گەوهەر



کاروان کەریخان

چەمکی کار جیا لە پێناسە فیزیکییەکەی، لەناو کۆمەڵگەی مرۆییدا کۆمەڵە چالاکی و بەرپرسیاریتییەکی بەردەوام و دیاری کراوە کە بەرەنجامی بەرهەمهێنانی داهات و پارەیە و جگە لە بژیو و گەیشتن بە ئامانجی خۆشبژیوی، لە ناخی خۆیدا سەربەخۆیی مرۆڤی تێدا و پەیوەندی بە عێزەتی نەفسەوە هەیە. کار و پیشە بەپێی ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی واتای دەگۆڕێت.



ئەو ئیش و پیشەیەی کە لە چوارچێوەی دەزگایەک ئەنجام دەدرێت بەند و بەستی خۆی تێدایە؛ بەڵام کار و چالاکییەک کە لە دەرەوەی دامودەزگایەکی دیاری-کراو و بەرپرسیارمەند دەکرێ سەربەخۆیی پتری تێدا بەدی بکرێت. ئەوانەی، بەبێ پشتبەستن بە خانەواده و دەوڵەت و ڕانتی تایبەت، لە ڕێگای کارەوە داهێنانیان کردووە و پێگەیون هەمیشە خاوەنی مێشک و بیرێکی داهێنەرانەن و ولات لەسەر دەستی ئەوان وەپێش دەکەوێت. پشت بەخۆبەستن و برینی هومێد لە دەوروبەر وا دەکات مرۆڤ کار لە مێشک و جەستەی بکێشێ و بێ خەم لێی نەنوێ و دواجار دەگاتە پلەی داهێنەرانە. ئەزموونی کۆمەڵگەی کوردی ئەم ڕستانەی سەرەوەی بە جوانی کورت کردوونەتەوە و کردوونی بە پەندگەلی وەک (فێری ماسیگرتن بە نەک ماسی خواردن)و (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە) و... ئەم کولتوورە لەناو نەتەوەکانی دیکەش زۆرە بۆ وێنە ئوسترالیایی دەڵێن »پارە بدە بەو کەسەی کاری کردوە بۆ ئەوەی تەمبەڵەکان کەڵکی خراپی لێ وەنەگرن و دانیمارکی دەڵێن (نیازە کە مرۆڤ دەکاتە داهێنەر)و.... ئەگەر لە دۆخی بێبەختیی کورد بکۆڵینەوە دەبینین کە گرفتە هەرە سەرەکییەکەی خراپیی باری ئابووری بووە؛ لەوەش خراپتر ئەوەیە بەگشتی خەڵکی کورد لەچاو زۆرێک لە نەتەوەکانی دیکە سەخت-کۆش نین. دوژمن لەو خاڵە کەڵکی نابەجێی وەرگرتوە و ئاماری جاشانی پێ هەڵکشاند. بۆیە پێویستە فەرهەنگی کار پتر لە هەموو شتێک کۆمەڵداگر بێت. بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستا کە باشووری کوردستان تووشی گرفتی سیاسی و ئابووری بووە و دوژمنان لە هەوڵی ئەوەدان کەند بخەنە نێوان هاوواڵتی و حکوومەتی خۆمالّی خۆیان و دروشمی سەربەخۆییان لێ بکەنە قیژەی مووچەخوازی، گرینگی کار دەردەکەوێ. دەبینین کە بەشێکی زۆری ئەوانەی تەمەنی بەکەڵکیان لە چاوەڕوانیی مووچە بەسەر بردووە نە توانیویانە وەک پێویست خزمەت بە خۆیان بکەن و نە توانیویشیانە خزمەت بە وڵات و حکوومەتی خۆیان بکەن. لە بەرامبەردا ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە ملیان دایە کار، تەمەنی کاری دیاری کردووە و ڕێگە نادات منداڵ کار بکات، بەڵام لە وڵاتێک کە هەژاری لێی داوە، یان تووشی کۆڕ و جەنگ و ما-وێرانی هاتوون نان لە یاسا بەنرختر دەبێت و خانەوادەیەک ناچارە منداڵی خۆی بنێرێتە ژێر مەکینەکانی کارگە و بەر هەتاوی سەرشەقام. تا ئێستاش منداڵانی کار لە وڵاتانی پێشکەوتووش دەبینرێن. لە ناوڵاتێکی وەک عێراقی دەستکرد کە کوردێک هەمیشە بستێک لە ئەنفا-لکردنەوە نزیکە و ئێستا دیسان دەستی لە هەوکی کورد ناوە و بژیوی پێ ڕەوا نابینێ، خەڵک ناچارە بە یاسای کاری منداڵان پێبکەنێ. چاوی جیهانیش لە حاست منداڵانی کار لە کوردستان تەم دایگرتووە، بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا کاتێک کچێکی منداڵی کار لە کارخانەیەک لە پڕ دەکەوێتە بەر زوومی کامێرای "لوئیس هاین" جەنجاڵ دەنێتەوە و دونیای پێ دەهەژێ، بەڵام بەختی کورد وایە کاتێک منداڵیکی کورد بۆ مزدیەک لە شاخ و کێو سڕ دەبێ و دەکوژرێ، یان لەژێر کاری قورسدا پشتی دەشکێت و دونیا لە خەو دایە و هێواش ڕادەژێ.

خەڵکی کوردستان دابێکی باوی هەیە کە ئەویش دەسگرتن و هاوکاریی یەکترە، بۆیە پێویستە حکوومەتی کوردی سوود لەم پۆتانسێلە وەربگرێت و جگە لە یاسای پێویست بۆ منداڵانی کار فەرهەنگی هاوکاریی یەکتر زیاتر پەرە پێ بدات بۆ ئەوەی توانای ئەم منداڵە پڕ وزانە لە کاری بەکەڵک و پرسوود بەکار بێت. پێویستە کارێک بکرێت تا ئەوانیش پۆشتە بکرێن و لە زانست و داهێنان دوا نەکەون و لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزرێن. بە تایبەتی پێویستە بە یاسا ڕێگری لە کارپێکردنی منداڵان لەناو ئەو پیشانەی کە مەترسییان زۆرە بکرێت. هیوادارم ئەگەر ڕۆژێک دابێت کورد سەرکەوت، وێنەی ئەم شێرەکچە لەدژی منداڵانی کار بەکار بێت و وەک فیلمی منداڵانی کار نیشانی کۆمەڵگەی کوردی بدرێت.

بە هیوای ئەوەی فەرهەنگی کار و سەخت-کۆشی بزێتە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و منداڵانی کورد بگەنە قۆناغی خۆشبژیوی، داهێنان و زانست.

چارەنووس و هەموو زانیارییێک دەربارەی 400 ملیار دینارەکەی کە بەغدا بۆ کوردستانی ناردبوو

د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەژمارە و داتا هەموو شتێک لەبارەی 400 ملیار دینارەکە ئاشکرا دەکات



ئا: کاروان محەمەد سینۆ

400 ملیار دینارەکە(بەهەق و ناهەق) بۆتە بنیشتە خۆشەی (زانا و نەزانی) تاقمێکی کاڵفام و چەواشەکاری ناو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و چەواشەکارانە هەست و ویژدانی خەڵک و مۆچەخۆرانی کوردستان بەنەرێنی و نائارامی دەوروژێنن بۆ خزمەتی خواست و بەرژەوەندییە سیاسییە ناپاکەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن و گۆمی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان دەشڵەقێنن و لە نێو ئاوی لێڵدا دەخوازن ڕاو بکەن. وروژاندنی مەسەلەی 400 ملیار دینارەکە لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا (دوور لە قوبەی پەرلەمان) دەستی تاقمێکی گێرشێوێن و گەندەڵکاران و بەرەی دژەچاکسازی لە پشتە. بێشک هەموومان خوازیاری شەفافیەت و بەدواداچوونین لە ئەرک و کاروچالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم و پرۆسەی چاکسازی حکوومەت، بەڵام بەدواداچوونی ئێمە و چاودێرانی سیاسی و ئابووری لە نێو قوبەی پەرلەمانە و لەسەر ڕۆژنامەی فەرمی و سایت و مالپەڕی ناسراو و فەرمییەکانە بەپێچەوانەی ئەو شەمشەمە کوێرانەی کەلەپشت پەردە و (ئەکاونتە قولابییەکانی) فێسبوک و تویتە و مالپەڕە سێبەرەکان و ئەو مالپەڕانەی کە وڵات و ئەجیندای دەرەکی دژ بەحکوومەتی هەرێمی کوردستان پالپشتی دارایی و تەکنیکییان دەکات و بەمەرامی خۆیان ئاراستەیان دەکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەر لەهەموو کەسێک خەمخۆری ئەوەیە و بە ئەرکی خۆشی دەزانێ کە چۆن مانگانە و لە کاتی خۆیدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڵام چەواشەکاران هەموو خەمێکیان ئەوەیە کە چۆن بەربەست بخەنە بەردەم هەوڵەکانی حکوومەت و سەرۆکی حکوومەت لە بواری سیاسی و دارایی و ئابووری و پیشەسازی و چاکسازی و...هتد، بۆ ئەوەی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بخەنە قەیران و ئافەرینی ئاغاکانیان وەرگرن و بە هەوەسەی خۆیان درێژە بە گەندەڵ کاری خۆیان بدەن و لەچرنۆکی پرۆسەی چاکسازی بەدوورین کەحکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە. بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەدواداچوونێکی ڕاستەقینانە و شەفاف بۆ چارەنووسی 400 ملیار دینارەکە بکەین کە ئێستاکە کاڵفام و گەندەڵ کارەکانی دژ بە چاکسازی شەقام و ڕای گشتی و خەڵکی کوردستانی پێ چەواشەدەکەن.

سەرچاوە: کەناڵی ئاسمانی کوردستان24



د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

هەرچەندە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی خەڵکی هەرێمی کوردستانی دایەوە سەبارەت بە چارەنووسی **400** ملیار دینارەکە، بەڵام کەمپەینەکە هێشتا لە سۆشیاڵ میدیاکاندا بەردەوامە، بۆیە د.ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران لەڕێگەی کوردستان **24** داتای ورد دەخاتەڕوو لەبارەی ئەو بڕە پارەیە ئاخۆ چۆن هاتوو و کەی هاتووە و چۆن و چەندی لێ خەرجکراوە و چەند ماوەتەوە و چارەنووسی باقییەکەی چی دەبێت.

د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە لێدوانێکدا بۆکەناڵی کوردستان 24 چارەنووسی 400 ملیار دینارەکە ئاشکرا دەکات و ڕایگەیاند: (کۆی گشتی ئەوانەی مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن نەک تەنیا فەرمانبەران، بەڵکو بە خانەنشین و وەرەسەی شەهید و ئەوانەی یارمەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن دەگاتە **755** ملیۆن دۆلاری مانگانە).

حکومەت هەرێمی کوردستان چۆن ئەو پارەیە دابین دەکات؟

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕوونی کردەوە و گوتی: ئەو **755** ملیۆن دۆلارە دەبێت مانگانە بەسەر مووچەخۆران دابەش بکرێت. ئەم بڕە پارەیە لە سێ سەرچاوە دابیندەکرێت:

سەرچاوەی یەکەم: 51%ی لە عێراقەوە دەهات، واتا **383**ملیۆن دۆلاری دەنارد مانگانە، کە دەکاتە **453** ملیار دینار.

سەرچاوەی دووەمی: لە فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو کە مانگانە **295**ملیۆن دۆلار بوو.

سەرچاوەی سێیەم: لە داهاتی ناوخۆ **67**ملیۆن دۆلاری دەخرایەسەر.

لە درێژەی لێدوانەکەی دەربارەی کۆکردنەوەی پارە لە هەرسێ سەرچاوەکە، د. ئومێد ئاشکرای کرد: (بە هەرسێ سەرچاوەی داهات، دەیکردە **755**ملیۆن دۆلار و دەدرایە مووچەخۆران).

وەکو سەرچاوەی یەکەم د. سەباح گوتی: "بەڵام لە ماڵگی چوارەوە هەرسێ سەرچاوەکەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچە، چونکە تووشی گرفت بوون، چونکە عێراق کە **51%**ی مووچەی هەرسێ سەرچاوەی داهات، دەیکردە **755**ملیۆن دۆلار و دەدرایە مووچەخۆران).

وەکو سەرچاوەی یەکەم د. سەباح گوتی: "بەڵام لە ماڵگی چوارەوە هەرسێ سەرچاوەکەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچە، چونکە تووشی گرفت بوون، چونکە عێراق کە **51%**ی مووچەی هەرێمی کوردستانی دەنارد، لەپڕ لە **2020-4-16**بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراوی دارایی، یاسایی و دەستووری حکومەتی عێراق ئەو بڕە پارەیەی بڕی و مانگی **4**و **5** هیچ بڕە پارەیەک لە عێراقەوە نەهاتووە بۆ هەرێمی کوردستان".

دەربارەی سەرچاوەی دووەمی دابینکردنی مووچە کە لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە دابینیدەکرا، بەگوتەی د. سەباح "بەهۆی کۆرۆناوە لە **295**ملیۆن دۆلارەوە هاتە خوارەوە و بووە **60**ملیۆن دۆلار. هەروەها داهاتی ناوخۆش نزیک بووەوە لە سفر".

هەروەها گوتی: "لە مانگی چوار تەنیا **60**ملیۆن دۆلارمان بەدەستەوە بوو، بەڵام دەبوایە **755**ملیۆن دۆلار دابین بکەین بۆ پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستا. ئەوکاتە (پێش جەژنی ڕەمەزان) سەرۆکوەزیران زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کەهەرچۆنێک بێت ئەگەر موستەحیلیشمان کردبێت (کە بەڕاستی موستەحیلیش بوو)، دەبێت ئێمە مووچە بدەین بە هەموو مووچەخۆران پێش ئەوەی جەژن دابێت". بۆیە لە مانگی چوار و پێنج سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و جێگری سەرۆکی حکومەت لەسەر خەت بوون بۆ ئەوەی ئەو کورتهێنانە لە پارەی مووچەخۆران پربکەینەوە. ئێمە عەجزێکمان لەبەردەم بوو بۆ پێدانی مووچە، کە بڕەکەی **695**ملیۆن دۆلار بوو و دەبوایە لە مانگی چوار پەیدابیکەین بۆ ئەوەی مووچە دابەش بکەین. لەم ڕووەوە جەنابی سەرۆکی حکومەت کەوتە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکڕن، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە هەندێک قەرزی تازەی کرد، هەندێکیش شایستە دارایییەکانیان دواخست، لە ئەنجامدا توانی **465**ملیۆن دۆلار دابین بکاتەوە بۆ مووچەخۆران".

دەربارەی سەرچاوەی سێیەمی کۆکردنەی داهات بۆ مووچەی فەرمانبەران، وەک دکتۆر سەباح بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردستان **24**باس کرد: "ئێمە لە داهاتی ناوخۆ بۆ مانگی چوار و پێنج، هەرچۆنێک بێت، لەگەڵ هەموو ئەو فەرمانگانەی داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکەن، **75** ملیۆن دۆلارمان لەڕێگەی داهاتی ناوخۆ دابینکرد، هەروەها **17**ملیۆن دۆلارمان لەڕێگەی هاوکارییەکانی هاوپەیمانانەوە پێگەیشتبوو، بەڵام ئەو بڕەیە بەشی نەدەکرد".

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا، د. ئومێد سەباح باسی هەڵوێستێکی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ دەکات کە بوونەتە هۆی ئەوەی پارەی پێویست بۆ دابینکردنی موچەی مووچەخۆران پێش جەژن، تەواو بێت و دەڵێ: "جارێکی دیکە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ دانیشتنەوە و بە سوپاسەوە، پێمان گوتن ئێمە کورتهێنانمان هەیە و **138** ملیۆن دۆلاری دیکەمان پێویستە بۆ ئەوەی پێش جەژن مووچە دابین بکەین، لەگەڵ **25**وەبەرهێنەر کۆبوونەوە، بە سوپاسەوە **15** وەبەرهێنەری ناوخۆیی هاتنە پێشەوە و ئێمەش گوتمان بۆ یەک مانگ ئەو قەرزەمان بدەنێ و قەرزمان کرد، بۆیەپێش ئەوەی عێراق پارەکە (**400** ملیار دینارەکە) بنێرێت، ئێمە توانیمان بڕی پێویست بۆ مووچەی فەرمانبەران دابین بکەین و هاوپەیمانانەوە پێگەیشتبوو، بەڵام ئەو بڕەیە بەشی نەدەکرد".

بۆچی بەغدا ئەو پارەی هەرێمی کوردستانی بڕی؟

دەربارەی بڕینی پارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغدا د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاشکرای کرد: "دوای ئەوەی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن بەغداوە بڕدرا، ئێمە کەوتینەوە گفتوگۆ و تیمێک بە سەرۆکایەتیی وەزیری دارایی و دووجارییش بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت چوینەوە بۆ بەغدا و قسەمان لەگەڵ کردن، گوتمان ئەو مووچەیەی ڕاتانگرتووە بەبێ هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی ئەوەتان کردووە بۆیە دەبێت خەرجی بکەن، ئێمە لەگەڵ کاک قوباد و شاندەکە نزیکەی **20** ڕۆژ لە بەغدا ماینەوە و خۆیان لە کۆتایدا دانیان بەوەدانا کە بەڵێ بەهۆکاری سیاسی ئەو کارەیان کردووە و گوتیان ئێمە ئیعازێکی سیاسیمان بۆ هاتووە کە دەبێت ئەو مووچەی هەموو فەرمانبەران پێش جەژن دابەشمان کرد".

بۆچی بەغدا ئەو پارەی هەرێمی کوردستانی بڕی؟

دەربارەی بڕینی پارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغدا د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاشکرای کرد: "دوای ئەوەی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن بەغداوە بڕدرا، ئێمە کەوتینەوە گفتوگۆ و تیمێک بە سەرۆکایەتیی وەزیری دارایی و دووجارییش بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت چوینەوە بۆ بەغدا و قسەمان لەگەڵ کردن، گوتمان ئەو مووچەیەی ڕاتانگرتووە بەبێ هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی ئەوەتان کردووە بۆیە دەبێت خەرجی بکەن، ئێمە لەگەڵ کاک قوباد و شاندەکە نزیکەی **20** ڕۆژ لە بەغدا ماینەوە و خۆیان لە کۆتایدا دانیان بەوەدانا کە بەڵێ بەهۆکاری سیاسی ئەو کارەیان کردووە و گوتیان ئێمە ئیعازێکی سیاسیمان بۆ هاتووە کە دەبێت ئەو مووچەی هەموو فەرمانبەران پێش جەژن دابەشمان کرد".

بۆچی بەغدا ئەو پارەی هەرێمی کوردستانی بڕی؟

دەربارەی بڕینی پارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغدا د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی: "کازمی گوتی ئەو 453 ملیار دینارە هەقی خۆتان بووە، بەڵام بەهۆکاریک بڕدراوە و ئێمەش نازانین بۆچی بڕدراوە، پاشان لە ئەنجامی هەوڵێکی سەرۆکی حکومەت ئەو 400 ملیارە نێردرایەوە، نازانم ئەو 53 ملیارە بۆ بڕدرا، گوتیان پێمان نادرێت جا لەوانەیە بەهۆی کورتهێنانەوە بووبێت".

مستەفا کازمی: ئێمەش نازانین ئەو بڕە پارەیە بۆچی بڕدراوە

شایانی باسە لەگەڵ دەستبەکاربوونی مستەفا کازمی، دەبوایە ئەو بڕە پارەیە (400 ملیار دینارەکە) لە مانگی چوار بینێرن ئینجا دەست بە گفتوگۆ بکرێتەوە، لەم ڕووەوە د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی: "کازمی گوتی ئەو 453 ملیار دینارە هەقی خۆتان بووە، بەڵام بەهۆکاریک بڕدراوە و ئێمەش نازانین بۆچی بڕدراوە، پاشان لە ئەنجامی هەوڵێکی سەرۆکی حکومەت ئەو 400 ملیارە نێردرایەوە، نازانم ئەو 53 ملیارە بۆ بڕدرا، گوتیان پێمان نادرێت جا لەوانەیە بەهۆی کورتهێنانەوە بووبێت".

بۆچی حکوومەتی بەغدا 10 ملیۆن دۆلار لە پارەی حکوومەتی کوردستان دەبڕێت؟



دەربارەی بڕینی بڕی 10ملیۆن دۆلار لە بڕی پارەکە (400 ملیار دینارەکە) د. ئومێد سەباح ئاشکرای کرد: "لە 31-5-2020 ئەو 400 ملیار دینارە حەوالەی هەرێمی کوردستان کراوە، 24/5/ 2020 جەژن بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ئەو وادەیە هەموو مووچەی مووچەخۆرانی دابوو.

ئەگەر 400 ملیار دینارەکە بکەین بە دۆلار، دەکاتە 333 ملیۆن دۆلار و ڕاستەوخۆ پێش ئەوەی بگاتە هەرێمی کوردستان، لە بانکی مەرکەزی حکوومەتی بەغدا 10 ملیۆن دۆلاریان لێ بڕیوو. هۆکاری بڕینی ئەو پارەیەش ئەوەیە کە لە 2014 کاتێک حکوومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیبوو، حکومەتی کوردستانیش هەرچی یەدەگی کاش لە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان هەبوو، بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان بەکاریهێنا بوو، بۆیە ئەو بانکە ئەهلییانەش لە 2016 و 2017 لەلای بانکی مەرکەزییەوە سکاڵایان لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارکردبوو، لە 2017 ڕێکەوتنێک لەنێوان ئەو بانکانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە دەبێ ئێمە لە 2017ـەوە دەست بە دانەوەی قەرزەکان بکەین، بەم پێیە لە 2017 و 2018 بڕی 483 ملیۆن دۆلاری قەرزی ئەو بانکانە دراوەتەوە، هەروەها لە سەرەتای 2019و پێش دەستبەکاربوونی ئەم کابینە (کابینەی نۆیەم)، ڕێککەوتنێکی دیکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بانکانە و بانکی مەرکەزی کرا کە لەو بڕە پارەیەی هەرمانگێک حکومەتی عێراق دەینێرت، ڕاستەوخۆ 10 ملیۆن دۆلاری لێ ببڕێدرێت و بدرێتەوە قەرزی ئەو بانکانە".

بەم شێوەیە لەو 400 ملیار دینارەی عێراق ناردبووی و دواتر 10 ملیۆن دۆلاری بانکەکانی لێ بڕدرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی ئەو وەبەرهێنەرانەی ناوخۆی کوردستانی داوەتەوە کە پێش جەژن قەرزی لێ کردبوون.

لەم ڕووەوە دکتۆر ئومێد سەباح بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 ئاشکرای کرد و گوتی: "بۆ یەک مانگ قەرزمان لە وەبەرهێنەرەکان کردبوو، بۆیە لەو بڕە پارەیە 138 ملیۆن دۆلارمان پێیان دانەوە، واتا لە کۆی گشتیی پارە نێدراوەکەی عێراق، 185 ملیۆن دۆلار مایەوە، ئەو بڕەیەش کەمترە لەو قەرزانەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەلەکە بوونە. ئێستاش سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەر هێڵە لەگەڵ ئەوانەی دیکە کە قەرزمان لێ کردبوون، بۆ ئەوەی ئەو 185 ملیۆن دۆلارە لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی داهات بەیەکەوە بەکاربهێنێت بۆ پێدانی مووچەی مانگەکانی دیکە".

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فاخر عثمان مصطفى) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (ڕێگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- چواردانە فڕنی بڕژاندن بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤.١,٥*.
٢- فڕنی خۆێ لێدان و سۆرکردنەوەی چەرەزات برژاندن بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٤ توانای K.W١٥. گەورە
٣- ٥ دانە خەباتەی خۆی لێدان بێ ژمارەن بێ ژمارە دروستکردنی دوو محلی و دوو سینی یەك تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٠,٧٥*٥
٤- سێ بەرادی ساردکردنەوەی چەرەزات بێ ژمارەن دروستکراوی محلین مۆدێل ٢٠١٤ توانای K.W٣*٥,٥.
٥- دووداندە تعبئە و تێکردن و کێشان و کەپس کردن بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی جۆری سوتەمەنی کارەبا مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٢*١٠.
***
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ١٤١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (مازن برهان العبسی)
کە ئاماژە بە داوای ژمارە ١٤١/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (هادیا بدوی المصری) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٨ بریاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لە نێوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (هادیا بدوی المصری) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بریار درا بەپێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوەخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و ناڕەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژ لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادەور/ مسعود سعید صدیق
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٩٦/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/١٢
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عمر شریف درسن)
ڤێ دادگەهـێ بڕیـار ل سـەر تـە دا ب زیندانکرنـێ بـۆ مـاوێ شـەش سـال ل دویـڤ مـادەێ ٤٦٠ یاسـا سـزا د کێشـا ژمـارە ٤٩٦/ج/٢٠١٩ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل نەهێلانـا گونەهباریـا سرهلـدان ب ژمـارە ٢٠١٨/١٦٥ دا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن ب ڕێـکا بەلاڤکرنـێ ل دوو ڕۆژنامێـن نافخۆیـی و هـەوە مافـێ نەرازیبوونـێ یـێ هەیـە ل سـەر بڕیـارا بریارا پاشملە ل دەمـێ شـەش هەیڤـان ژ ڕێکەفتنـا ئاگەهدارکرنـا تـە ب ڕێـکا بەلاڤکرنـێ ل دوو ڕۆژنامێـن نافخـو و بەروڤـاژی بریـارا پاشـملە دێ ل جهـێ بڕیـارا حازربونـێ بیـت.
دادەور/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٧١/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/٢١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ فرهاد حسین جانکیر/
یێ ناڤێ دەیکا وی (غربت عبدالکریم)
دەمـێ تـو یـێ تومەتبـار ب کێشـا ژمـارە ١٧١/ج/٢٠٢٠ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل نڤیسـینگەها نەهێلانـا گونەهباریـا خابـور ب هژمـار ٢٠١٩/٧٢ ل سـەر مـادەێ ٤٤٣ ژ یاسـا سـزا ژبـەر کـو جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەیـێ دیـارە بریـار هاتـە دان تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بڕیـکا بەلاڤکرنـێ ب دوو ڕۆژنامێـن نافخۆیـی دا ئامادەبـی بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ سـپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/٢٣ بـو دادگەهکرنـا تـە و بەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دادگەهکرنـا تـە هێتـە کـرن ب پاشـملە ل دویـف یاسـایێ.
دادەور/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٧٠/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/٢١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ قاسم محمد قاسم
حسن/ یێ ناڤێ دەیکا وی (غزالی عیسی)
دەمـێ تـو یـێ تومەتبار ب کێشـا ژمـارە ١٧٠/ج/٢٠٢٠ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل نڤیسـینگەها نەهێلانـا گونەهباریـا خابـور ب هژمـار ٢٠١٣/١٥٣ ل سـەر مـادەێ ٣٩٦ ژ یاسـا سـزا ژبـەر کـو جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەیـێ دیـارە بریـار هاتـە دان تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بڕیـکا بەلاڤکرنـێ ب دوو ڕۆژنامێـن ناڤخویـی دا ئامادەبـی بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ سـپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/٢٣ بـو دادگەهکرنـا تـە و بەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دادگەهکرنـا تـە هێتـە کـرن ب پاشـملە ل دویـف یاسـایێ.
دادەور/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٦١/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٥/٢١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ حازم سیف الدین سلیم/ یێ ناڤێ دەیکا وی (عیشی یونس)
دەمـێ تـو یـێ تومەتبـار ب کێشـا ژمـارە ١٦١/ج/٢٠٢٠ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل بنگەهـێ پولیسـێن ئەتـروش ب هژمـار ٢٠٢٠/٣٨ ل سـەر مـادەێ ٤٠٦ ژ یاسـا سـزا ژبـەر کـو جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەیـێ دیـارە بریـار هاتـە دان تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بڕیـکا بەلاڤکرنـێ ب دوو ڕۆژنامێـن ناڤخویـی دا ئامادەبـی بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ سـپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/٢٠ بـو دادگەهکرنـا تـە و بەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دادگەهکرنـا تـە هێتـە کـرن ب پاشـملە ل دویـف یاسـایێ.
دادەور/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
***
ڕێڤەبەریـا گشـتی یـا باژێرڤانییـا ل پارێزگەهـا دهوکـێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٧/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/١١
ئاگەهداری
لدویـڤ یاسـا فروتـن و کرێکرنـا مولکێـن دەولەتـێ ژمـارە ٣٢ یـا سـالا ١٩٨٦ و ئـەو دەسـتورکارێن لسـەر ڤـی بابەتـی هاتینـە دان لێژنـا فروتـن و کرێکرنـێ دوویـێ رادگەهینیـت کـو سـەرئیك زێدەکرنـەکا ناشـکەرا یـا هـەی ژبـو کرێدانـا (کابینـەکا گـەروك یـا تەزیاتیـا) ب ڕووبـەرێ (٢٤) م٢ ل سـەر پارچـە زەڤییـا یـا ژمـارە (٢١٦/٦) کەرتـی (١٠٢) زاویتـە بـو مـاوێ ١ ئێـك سـالا و هـەر کەسـێ بڤێـت پشـکداری یـێ دڤـێ سـەرئیك زێدەکرنێـدا بکـەت بـلا داخوازێـت خـو دگـەل دابینکرنـێ کـو کێمـتر نەبیـت ژ ٢٠٪ ژبهایـێ خەملاندنـێ پێشکێشـی سـەرۆکاتیا باژێرڤانیـا زاویتـە بکـەت د مـاوێ ٣٠ سـیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنـا ڤـێ ئاگەهداریـێ د ڕوژنامـێ دا و ئـەڤ سـەرئیك زێدەکرنـە دێ هێتـە کـرن ل سـەرۆکاتیا باژێرڤانـی یـا زاویتـە دەم ژمێـر دوازدەی نیڤـڕۆ و هەرکەسـێ بـو بکەڤیـت دێ بهایـێ ئاگەهـداری یـێ و هەمـی خەرجێـت بێتڤـی دێ کەڤنـە سـتوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی
***
ئاگاداری
وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەڵدەسـتێت بـە بەکـرێ دانـی ڕووبـەری (٦٠٠)م٢ لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٩٦) ك (٤٠) مامەجلکـە بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی چێشـتخانە بـۆ مـاوەی (١٥) سـاڵی بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا بـە پێـی یاسـایی ٣٢ سـاڵی ١٩٨٦ هەموارکـراو ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە (٥) ی سـاڵی ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خانووبـەرەی میـری لـە هەولێـر بـدات لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی سـەعات (١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە مەرجێـك بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪) یەدەگـی پێـی بێـت لەبـری پـارەی خەملێنـراو گشـت خەرجیەکانـی بەکـرێ دانیـش لـە ئەسـتۆی کرێچیـە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٩٩١/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
زەردەشت محمد امین
لەبـەر ئـەوەی نێـردراوی بـۆ ئـەوەی دادگایـی بکرێیـت بەپێـی مـادەی (١/٢١) لەیاسـای هاتووچـۆ لـەو کێشـەیەی کـە تایبەتـە بەبنکـەی پۆلیسـی (بازیـان) وە لەبـەر ئـەوەی جێگـەی دیـاری کـراوت نییـە بریارمـان دا لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان ئـاگادارت بکەینـەوە کـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٢ لەبـەردەم دادگاکەمـان ئامادەبیـت یـان خـۆت بگەینیتـە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بـۆ هێنانـت لـەو ڕۆژەو بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێیـت بەبـێ ئامادەبوونـت بەپێـی یاسـا.
دادەور / د. نەرمین ابو بکر محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٦٦٣/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٤
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شوان
مجید احمد زوراب
لەبـەر ئـەوەی نێـردراوی بـۆ ئـەوەی دادگایـی بکرێیـت بەپێـی مـادەی (٤٥٦) لەیاسـای سـزادان لـەو کێشـەیەی کـە تایبەتـە بەبنکـەی پۆلیسـی (هـەواری شـار) وە لەبـەر ئـەوەی جێگـەی دیـاری کـراوت نییـە بریارمـان دا لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان ئـاگادارت بکەینـەوە کـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ لەبـەردەم دادگاکەمـان ئامادەبیـت یـان خـۆت بگەینیتـە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بـۆ هێنانـت لـەو ڕۆژەو بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێیـت بەبـێ ئامادەبوونـت بەپێـی یاسـا.
دادەور / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٩٦/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٨
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: سیروان فایق رشید
لەبـەر ئـەوەی نێـردراوی بـۆ ئـەوەی دادگایـی بکرێیـت بەپێـی مـادەی (٢) لەیاسـای خـراپ بەکارهێنانـی ئامێرەکانـی پەیوەنـدی لـەو کێشـەیەی کـە تایبەتـە بەبنکـەی پۆلیسـی (بەکرەجـۆ) وە لەبـەر ئـەوەی جێگـەی دیـاری کـراوت نییـە بریارمـان دا لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان ئـاگادارت بکەینـەوە کـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٠ لەبـەردەم دادگاکەمـان ئامادەبیـت یـان خـۆت بگەینیتـە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بـۆ هێنانـت لـەو ڕۆژەو بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێیـت بەبـێ ئامادەبوونـت بەپێـی یاسـا.
دادەور / سەروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٣/ت/٢٠١٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٨
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: فیصل
عبدالجبار عزیز کرم
لەبـەر ئـەوەی نێـردراوی بـۆ ئـەوەی دادگایـی بکرێیـت بەپێـی مـادەی (٣١/٤٠٥) لەیاسـای سـزادان لـەو کێشـەیەی کـە تایبەتـە بەبنکـەی پۆلیسـی (بەختیـاری) وە لەبـەر ئـەوەی جێگـەی دیـاری کـراوت نییـە بریارمـان دا لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان ئـاگادارت بکەینـەوە کـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٤ لەبـەردەم دادگاکەمـان ئامادەبیـت یـان خـۆت بگەینیتـە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بـۆ هێنانـت لـەو ڕۆژەو بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێیـت بەبـێ ئامادەبوونـت بەپێـی یاسـا.
دادەور / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٧٧٤/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٨
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شوان
عمر شهاب مصطفى
لەبـەر ئـەوەی ئامـادە نەبوویـت لـە ڕۆژی دادگایـی بکرێیـت بەپێـی مـادەی (٤٥٣) لەیاسـای سـزادان لـەو کێشـەیەی کـە تایبەتـە بەبنکـەی پۆلیسـی (ئەزمـەر) لەبـەر ئـەوەی جێگـەی دیـاری کـراوت نییـە بریارمـان دا لـە ٢ دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆییـدا ئـاگادارت بکەینـەوە کـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٩ لەبـەردەم دادگاکەمـان ئامادەبیـت یـان خـۆت بگەینیتـە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بـۆ هێنانـت لـەو ڕۆژەو بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێیـت بەبـێ ئامادەبوونـت بەپێـی یاسـا.
دادەور / شیرین علی حمه سور
***

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کۆمپانیـای (چوسـت) بـۆ بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی
ژمارە: ٩٧٢
بەروار: ٢٠٢٠/٥/٣١
بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)
پاڵپشـت بـە ناڤـەڕۆکا بریـارا دەسـتەیا گشـتی یـا کومپانیـا (Gold Lion) بـۆ (بازرگانـی گشـتی و بازرگانـی سـامانی ئـاژەل و بەروبومـی کشـتوکاڵی و ئاژەڵـی و کەرەسـتەی خـواردن- هـاورده و هەنـارده/ سـنوردار) ل ڕێکەفتـی (٢٠٢٠/٢/٢٠)ێ تایبـەت ب دانانـا کومپانیـێ ل ژێـر پاکتاوکرنـێ دا و دانانـا بەرێـز (صابـر سـلیمان محمـد) وەکـو پاکتاوکـەرێ کومپانیـا ناڤبـری. ئـەز وەکـو ڕێڤەبـەرێ کومپانییـێن دهوکـێ بریـارا سـەری پەسـەندکەم ب مەرجەکـی بهێتـە بـەلاڤ کـرن لدیـڤ ئەحکامێـن ماددەیـا (١٦٠)ێ ژ یاسـایا تومارکرنـا یـا ژمـارە (٢١)ێ سـالا (١٩٩٧)ێ یـا هەموارکـری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٥/٣١
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢١٨٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (چوست)
بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (چوسـت) بـۆ بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١٢/٧) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (توفـان نـادر محمـد) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی ماددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

خۆپارێزییەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا



پێشەوا سمکۆی شکاک و رۆژنامەی کوردی



کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گێڕیوێتی

شێخ عەبدوڵڵا، لە کەسانی نزیک و تێگەیشتووی سمکۆی شکاک و لەخزمانی سەید تەهای شەمزینی بوو، لە نزیکەوە رۆژێک لەگەڵ سمکۆ بەیەکگەیشتوون، لەنێوان قسەکانیاندا پێشەوا (سمکۆ) ئەوەی باسکردووە، کە لە (رەزائییە) (ورمێ) بڵاوکراوەیەک نییە، کە شوێنی رۆژنامە پرپکاتەوە، ئایە لەدیدی تۆوە، بەچ شێوەیەک و تیراژێک دەتوانین رۆژنامەیەک، لەم شارەدا دەربکەین و بڵاوی بکەینەوە، کە شێوەیەکی جوانی هەبێت و لەڕووی باسی نووسینەکانیشیەوە سەرنج راکێش بێت. لەوەڵامدا شێخ عەبدوڵڵا دەڵێت: دڵتەنگم بەوەی پیتەکانی چاپخانەکەم، بۆ چاپکردنی رۆژنامە گونجاو نییەو بەشناکات.

شێخ عەبدوڵڵا هەروەکو دەیگێڕێتەوە، کاتێک کە ئەو وەڵامەم دایەوە، سەیرمکرد دەموچاوی بەرامبەرم گرژبووەو گۆڕاوە، لەوە ترسام خراپ لە قسەکەم گەیشتبێت، بۆیە ڕووی دەمم تێکردو پێموتەوە: ئەگەر کار بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکانی خۆمان هەوڵبدەن، دەتوانن ئەو کەموکوڕییە پرپکەنەوەو چاپکردنی رۆژنامەکەش پێدەچێت دەربچێت، بەڵام ئەم تەقەللایە هەندێک نارەحەتی دەوێت، تاوەکو ئەوکاتەی پێداویستییەکانی ئامادە دەبن، بۆ قسەکەم، پێشەوا سمکۆ وەڵامی نەدایەوە، ئەگەرچی هەروەکو شێخ عەبدوڵڵا دەڵێت: سمکۆ بەڵێنی دابوو کە مافی کارگێڕەکانی رۆژنامەکە بدات. بەڵام بەوتەی کوردەکان هەڵگەڕانەوە، یان بەرپەرچدانەوەی قسەی سمکۆ بەرازیبوونی خۆی نەبێت، بۆ ئەو رۆژگارە، یاریکردنی بەرامبەرەکەی بووە، بەژیانی خۆی.

هەروەکو شێخ عەبدوڵڵا جارێکی تر دەڵێت: دوای (2) تـــــا (3) رۆژ، بیرکردنەوەم لەم پرسە کە مێشکی جەنجاڵ کردبووم، بیر و هۆشم بەیەک نەگەیشتن، بۆیە ناچار کتێبخانەکەم داخست و چاپخانەکەم وەستاند، لەشەودا، لەگەڵ یەکێک لەنەوەکانی خۆم و دوو سێ کەس لە شارەزاکانی دەڕەوەی شارەکەم، گەیشتینە ڕۆخی دەریاچەکەو (مەبەست دەریاچەی ورمێیە) جارێک لەناو ئاوداو جارێکیتر لەناو بەردو لمی سەر ڕێگاکە گەیشتینە کۆتایی و لەگەڵ جوانی و ئاوەدانی گوندی (قوشچی) نزیک خانووی (کازم خان) بووینەوە، کە جوانکاریی و نوێبونەوەی لەقەڵای (قرخلار) کردبوو، پێیگەیشتم. ئەو ڕێگایەش دوو ڕۆژی بەردەوامی خایاند، تاوەکو لەنێوان گوندەکان و کەلاوەکاندا بەشوێنی ناوبراو بگەم.

ـ (کازم خان) ڕێزو خۆشەویستی زۆری نواند، هەروەها لەگەڵ ئەوانەش لەگەڵمدا بوون چەند ڕۆژێک بەمیوانی لای ماینەوە. لەو ماوەیەدا توانیم لە (دیوەخانەکە)ی کە پێکهاتبوو لەژوورێکی قاوەخانە، زۆرینەی کات لەگەڵ میوانەکان، کە، کەسانی ئاسایی بوون، و لەگەڵ ناوبراو تەگبیرو باسیان لەکارەکانیان دەکردو ڕێکیاندەخست، مێنەمەوە. لەو سەرقاڵییەوە ڕۆژێکیش بانگهێشتی کردم، تاوەکو بەبالای قەڵاکەیدا بڕوانم، کە لەوەوبەر خانووی (کازمخان) و دەوروبەرەکەیم نەبینیبوو، سەیریانبکەم.

لەو شوێنەدا، ئەوەی بەلامەوە گرنگبوو، بینینی ئامێری تۆپ و وردە ئامێری تری چاککردنەوەی تفەنگ و بابەتەکانی تری هاوشێوەی تۆپ، لەگەڵ ئامادەکردنی بارووت و فیشەک بوون.

(کازمخان) لەگەڵ بینینی ئەوانەشدا داوای لێمکرد و گوتی: ژمارەیەک لەو نامانەی کە بە ئەو گەیشتوون و خۆی وەڵامی داونەتەوە، ڕێگای پێدام بیانخوێنمەوە. یەکێک لەو نامانە کە سەرنجی ڕاکێشام و بەوردی خوێندمەوە، (کازمخان) لەبارەیەوە گوتی: ئەم نامەیە، پەیوەستە بەکۆنسوڵی ئینگلیز (کاپتەن پاکارد) کە بەدەستم گەیشت و نووسراوەکەی بەمشێوەبوو: (ئاغای کازمخان)، لەمڕۆژانەی سەردانەکەمدا، کە ئەم جۆرە چەکانە لەقەڵای (قرخلار) و دەوروبەری گوندەکە دەبینم کە شوێنی دانیشتنی خۆتەو، لەگەڵ سمکۆدا هاوڕان، دڵنیابوون لەوەدایە بیانخەیتە ژێر دەستت تاوەکو لێیان دڵنیا بیت کە پارێزراوتر دەبن و تۆش ئاسوودەتر دەبیت و بەتۆش دڵنیایی دەدەم کە ئیسماعیل ئاغاش لەدڵەوە بەتۆ هاوکاریت دەکات.

ئەوەی پەیوەستە بە بارودۆخی ئەو چەند ڕۆژەی لەو سەروبەندەدا کەمن تێیدا مامەوەو دەبینرام، ئەوەم لەلاپەڕەکانی زووتر لەکتێبەکەمدا نووسیوەتەوە.

شێخ عەبدوڵڵا جارێکیتر دەڵێت: بەهۆی ڕاکردنم و جێهێشتنی بەزۆر، سمکۆ دەستووری دا، کتێبخانەکەم و چاپخانەکەم دەستیان بگرێت و نوماینەدەی خۆی (مەلا محەمەد تورجانی مەهابادی) ناو بکاتە لێپرسراوی ڕۆژنامە کوردییەکەو چاپوبڵاوی بکاتەوە.

شێخ عەبدوڵڵا جارێکی تر دەڵێت: (ئاغای مەلا محەمەد تورجانی) لەو کارەیدا دەستدرێژی نەکردە سەر بەشێک لەکتێبە بەنرخەکانی کتێبخانەکەم کە لەبەردەستیدا بوون، بۆ خانووەکەی لێی گواستبوونەوە، جگە لەوەش ناوی چاپخانەکەم، بۆ من بەناوی تر، شوێنی بۆ کرایەوە.

تابلۆی چاپخانەی (تەمەددون) گۆڕاو لەشوێنی تابلۆیەکی تر بۆ چاپخانەکە دانراو، ڕۆژنامەکە بەزمانی فارسیی و کوردی دەردەهێنراو بەناوی ڕۆژنامەی حەفتانەو لەژێر ناونیشانی (ڕۆژی کورد، شەوی عەجەم) بەمانا ڕۆژی کوردو، شەو بۆ عەجەم، بڵاودەبۆوە، کە دواتر بۆ ڕۆژی کورد گۆڕاو چاپ بوو، هەروەها جارێکیتریش گۆڕاو بەناوی کورد دەرچوو.

ئێوەو چەند دێرێک لەرۆژنامەی کورد لەژمارەی سانی یەکەمەمی 1340ی هەتاوی، 1921ی زایینی کە لەسەر تابلۆی ڕۆژنامەکە هەمو ئەو زانیارییانە نووسراون و بەرچاو دەکەون.

تابلۆی ڕۆژنامەکە، پێکهاتووە لە ((3 ستوون، شێوەیەکی لاکێشی وەرگرتووە، ستوونی یەکەمی لای ڕاست ئەم زانیارییانەی لەخۆگرتووە: سەرەتا نووسراوە، جێگەی ئیدارەی ورمێ، چاپخانەی غیرەت، لەژێریدا نووسراوە، محەمەد تورجانی، بەدوایدا نووسراوە: مەقالاتێک مەنفەعت کوردان تێدا بآ وەردەگیرآ. جارێکی تر هەر لەو بەشەدا نووسراوە، جاری لەهەر حەفتەدا یەکێک چاپ دەکرآ، لەکۆتاییدا نووسراوە، 12ی مانگ، شوال .1340

ستوونی دووهەم کە ناوەڕاستی گرتووە، زیاتر تەرخانکراوە بۆ کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکە، لەسەرەوەیداو لەناوەڕاستیدا نووسراوە سالّ یەکەم، لەژێریداو لەناو دوو کەوانەدا نووسراوە: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولاتفرقوا)، لەژێریەوە بەهێلێک دوو مەچەک دەبینرێت، درێژیان کردووەو دەستیان لەناو دەستی یەکتریدان، ئەم هێمایە ئاماژەیە بۆ یەکێتی و برایەتی کوردان. بەشی ژێرەوەی کە بەنەخشو نیگارێکی ساکار جوانکراوە، تەرخانکراوە بۆ ناوی ڕۆژنامەکە بەناوی کورد، هەروەها سالّی دامەزراندنی 1340ی هەتاوی.

ستوونی سێهەم کە لای چەپی تابلۆکەی گرتووە، بەدێرێک نووسراوە حەق ڕۆژنامە پێشەکی وەردەگیرآ، لەژێریدا نووسراوە:

داخڵ	خارجە	
سالێک	60	50 قران
شەشمانگ	35	27 قران

بەدوایدا نوسراوە، قیمەت یەک نووسخە (دە) شاهی، هەروەها لەژێریدا نووسراوە، قیمەت ئیعلانات هەر دێرآ دوو قران.

لەژێر تابلۆکەدا بەگشتی لەناو دوو هێڵی هاوتەریبدا نووسراوە:

ڕزو نامێکە سیاسی ئەدەبی ئیخباری، سەرمەقالی تەرجومە دەکرێ بەفارسی، بەفارسی دەینووسێ کوردێک بۆ هەموو کوردان.

لەبەشێکی تری زانیاریەکانی سەر ڕۆژنامەکە بەوجۆرەیە، سمکۆی پێشەوا جگە لەکاربەڕێوەبەری ڕۆژنامەکەی بەناوی (کورد) لەورمێ، دامەزراوەیەکی تریشی هەبووە، بۆ وەرگرتنی (باجی گومرگی)، ئەوەش بۆ هەموو ئەو کەلوپەلانەی داناوە کە لەنێوان (ورمێ) و شارەکانی تری وەکو (مەراغە)، (خۆی)، (تەوڕێز..) ئاڵوگۆڕپێکراون و نوماینەدەی خۆی ئەو باجەی وەرگرتووە.

بۆ ڕایەکردنی پەیوەست بەو کارەش کلێشەی پسوولەی چاپی بەزمانی کوردی داناوە، بڕی ئەو پارەیەی تێدا نووسراوە کە داوایانە بەوڵاخداری خاوەن کەلوپەلەکە، سەرۆکایەتی ئیدارەی گومرگیشی داوە بە (لەتیف چاوەش).

ئەوەش زانیاری ناو پسوولەکەیە، کە پەیوەستە بەو مێژووەوە، ئەم خاڵەش بەشێکە لەڕێکخستنی داهاتی حوکمداریەکەی پێشەوا، کە بوونی بۆ بەردەوامی شۆڕش گرنگ بووەو بەپێویست زانراوە. ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا هەواڵی لەسەرە ئەوەیە، کە توتن بۆ دەرەوەی شار براوە، ئەوەیش بەکەمی لەوە ماوەتەوە، لای خەڵکانێک هەڵگیراوە کە زیاتر سەر بەکەسانی پێشەوابوون.

ئەو کلێشەیەی بەزمانی کوردی بۆ کاری گومرگی دانراوە، شێوەکەی لاکێشییەو لەبەشی سەرەوەیدا لەنێوان دوو کەوانەی نەخشاویدا نووسراوە: ئیدارەی گومرکات ئورمێ، لەخوارەوەیدا بەهەمان شێوە: ئیجازەنامەی لەتیف چاوەش، لەخواریدا لەنێوان دوو کەوانەی تردا، خدانی ئەوی پێ کۆ مالّی توجارەتی هەیە. جگە لەوەش زانیاری تر لەو پسوولّەیدا بەرچاو دەکەون لەوانە بەناوی: (نام .... چەکی مزاحم پبت)، هەروەها (دارندەی ئین وەرقە..... کە حامل مال ئەلتوجاری ئەست)

هەروەها لەبەشی خوارەوەیدا لەنێوان دوو کەوانەدا نووسراوە:

(هیچ کەس موزاحەمەت رانەدارد)

محەل ئیمزا




Simko Shikak 1887 – 31 Juni 1930

سەرداری کورد سمکۆ شکاك ۱۸۸۷ - ۲۱ حوزەیران سالّی ۱۹۳۰



کلیشە عناوین روز نامە کردی



کلیشە قبوض عوارض گمرکی بزبان کردی

وەرگیراوە لە:
تاریخ پهلوی
فراز ونشیب های 55سالّ تاریخ معاصر ایران/ دکتر حبیب چینی، ص (369-372).

فەزای سیبرانی... بواریٚکی لەبار بۆ تیرۆریستان و شەڕی ناڕاستەوخۆ

بەشی دووەم و کۆتایی

ئا: خالید گەردی



بە هۆی ئەو هێرشە تونده سیبرانییەی کە پێش چەند هەفتەیەک لەمەوبەر کرایە سەر ژێرخانی دەوڵەتی ئێران ، بەهۆی ئەو پەلامارەوە سەر لەنوێ بابەتی ئاسایشی سیبرانی لەسەر ئاستی جیهان بووە بابەتی گەرمی قسەوباس. ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەموو شتێ زیاتر جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە کێشەی فەزای خەیاڵیی یا گریمانەیی و فەزای سیبرانییە ، کە شان بەشانی فەزای راستەقینە هەنگاو دەنێ، زێدەڕۆییە نیە گەر بڵێین لە هەندێ کاتدا لە جیهانە واقیعییەکە زۆر ترسناکترو خوێناوی تره.

فەزای سیبرانیدا

باس کردن لە ئاسایشی سیبرانی دۆسیەکی دیکەمان دێنێتە بەرچاو ، کە لەچەند ساڵی رابردوودت بۆتە مۆتگە بەسەر دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری لە جیهاندا، بە تایبەتیش کە دەبینین پێشتر کردوە تیرۆریستییەکان هەرەمەکیانە بە پشتبەستن بە توخمی مرۆڤ ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا بەهۆی ئامرازەکانی فەزای سیبرانی نەتوانرێت بە ئاسانی رەهەندەکانی تیرۆر کۆنترۆل بکرێت، چونکە ئێستا هەر یەک لەو گروپە تیرۆریستیانە ژمارەیەک لە کەسانی زانا و هەڵگری بڕوانامەی پێشکەوتووی زانستی چوونەتە رێزیانەوەو لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ فەزای سیبرانی کەسانی کارامەو شارەزان.دەکرێ کردەوە تیرۆریستییەکان، کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لە ئەورووپا ئەنجام درا وەک نموونە بێنینەوە ، کە لە ئاکامی پێک گەیشتنی تیرۆریستان بوو بەیەکتری لە میانەی تۆڕەکانی تیرۆریستی بەبێ ئەوەی پێویست بکات لە جیهانی راستەقینەدا چاویان بەیەکتر بکەوێت یا زانیاری پێشوەختیان لەسەر یەکتر هەبێت. هەر بەو هۆکارەوەیە هەندێ پێیانوایە تۆڕەکانی پێککگەیشتنی کۆمەڵایەتی نیعەمتێک نییە بۆ مرۆڤایەتی بەقەد ئەوەی زۆر خراپ بەسەریدا شکاوەتەوە. هەر بۆنموونە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە دەربانخستووە لە رووداوەکەی شانۆی باتاکلانی ناوداری فەرەنسا کە دەیەها فەرەنسی بوونە قوربانی، تیرۆریستان بۆ خۆ شاردنەوە لە دەزگا ئەمنییەکانی فەرەنساو وڵاتانی ئەورووپا لە جیاتی تۆڕە کۆمەڵایەتییە باو و ناسراوەکان بۆ زانیاری وەرگرتن و پێککگەیشتنیان پەنایان بۆ هەندێ یاری سەر تۆڕی ئینتەرنێت بردووەو لە کارە تیرۆریستییەکەیاندا سوودیان لێ بینیوە.

لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لە نێوان گروپە تیرۆریستییەکان بەهۆی ئامرازەکانی سیبرانی دروست بووە، بەڵکو ئەمرۆ کارەکە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی داهێنانی نوێ لەبواری بەدەستهێنانی پارەوپول بۆ گروپە تیرۆریستییەکان هاتۆتە ئاراوە.پێش نزیکەی دووساڵ لەمەوبەر جیهان ڕووبەڕووی گەورەترین هێرشی ئەلیکترۆنی لە میٚژوو بۆوە، بەهۆی هێرشێکی فایرۆسی ئامێرەکانی پەکخست، هێرشبەرەکان لەبەرامبەر لابردنی فایرۆسەکەو پێدانی پاسورد بۆ سەرلەنوێ بەکار خستنەوەی داوای ناردنی پارەیان لە جۆری بیتکوینیان کرد بۆ سەرچاوەیەکی نادیار.هەر لەمبارەیەوە ریان کالمبەر کە یەکێکە لە شارەزا ناسراوەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی ستراتیژی لە کۆمپانیای (بروف بونیت) بە تۆڕی (CBS) هەواڵی ئەمریکی راگەیاندووە؛ کێشە گەورەکە لەوەدایە گروپە نەژادپەرست و راستڕەوە توندڕۆکان چ لە ئەوروپا و ئەمریکا یا وڵاتانی دیکەش، نموونەی دیاردەی (بگیدا) لە ئەڵمانیاو بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە لە ئیتالیا دەتوانن سوود لە فەزای سیبرانی وەربگرن و لەچوارچێوەی جوگرافیای ناوچەکەیان پشێوی و نائارامیی بنێنەوە.

پوختە

رۆژ لەدوای رۆژ لەسەرانسەری جیهان گوێبیستی پێشنیار بۆ بەرپەرچدانەوە یا ڕێگری کردن لەو ترسە دەبین، بەڵام نیازێکی پاک بۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکان بەدی ناکرێ، چونکە ڕێساکانی یاریە نێودەوڵەتییەکە دەستنیشان نەکراوە و تا ئێستا هەر گفتوگۆ دانوستاندنی لەلایەن لایەن گەورەکان لەسەر دەکرێ.هەر یەک لە چین و ڕووسیا هۆشداری لە بەسەربازکردنی فەزای ژمارەیی گریمانەیی دەدەن، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا بەهەمان شێوە نییە، لە سەرکێشەو ئامانجە سیاسی و ئابووری و بەرگرییەکان جیاوازی گەورە لە نێوانیان هەیە هەر بەم هۆکارەشەوە ئەو گفتوگۆیانەی لەو بارەیەوە دەکرێت تەواو ئاڵۆز بوونە، تەنانەت لەنێو ئەو لایەنانەش کە لەسەر ئاستی ئەمنی هاوپەیمانن بەڵام لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی دژایەتی یەک دەکەن وەک ئەمەریکاو وڵاتانی ئەورووپی.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

لە ڕووسیاوە بۆ تورکیا و یونان

ئامانج.بەڕپرسانی بەریتانیاو شارەزایانی ئەمریکی جەختیان لەوە کردۆتەوە پرۆسەکەی بریتی بووە لە سیخوڕی کردنی ئەلیکترۆنی بە پاڵپشتی لایەنێکی حکومی لە پێناو بەرژەوەندی تورکیا. واش دەردەکەوێت تاوانبار کردنی تورکیا هەر لە خۆڕا نەبێت بەتایبەتیش کە دەبینین ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست ملمڵانێی جیوسیاسی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. هەر بۆیە تورکیا لە دەرگاکانی پشتەوە دوور لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئاشکرا ئەم کارانەی ئەنجام دابێت. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شەڕی سیبرانی بە چ ئاستێک گەیشتووەو لە ئایندەدا چ کاریگەرییەکی بەسەر گرفت و قەیرانەکان لە پایتەختە گریمانییەکان دەبێت.

کارەساتی تیرۆر لە میانەی

ئەوەی جێگای گومان نییە، ڕووسیا بەقەد ئەمریکا بایەخ بە ملمڵانێی سیبرانی دەدات، رافید ئەگناتیوس نووسەر لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی نزیک لە کۆشکی سپی پرسیویەتی: ئایا ڕووسیا بە کردەنیی هەوڵدەدات کۆنترۆڵی بۆشایی سیبرانی بکات؟ئەوەی ڕوونە پرسیارەکە پەیوەندی بە پێشنیارەکەی ڕووسیاوە هەیە کە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات ڕێککەوتنێک لەبارەی هاوکاری بۆ بنبڕکردنی تاوانی زانیاری ئەنجام بدات. پرۆژەکەی ڕووسیا لە (54) لاپەڕە و (72) مادەی پێشنیارکراو پێک هاتووە، لە نێویاندا ڕومانکردنی جوڵە لەسەر ئینتەرنێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەگەڵ ئەو ڕێسا ڕەفتارە پەیڕەوکراوانەی لە بواری فەزای سیبرانی گیراونەتەبەر، هەروەها لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە چالاکییە بەد مەبەستەکاندا، شارەزایان پێیانوایە ئەگەر پرۆژەکەی ڕووسیا پشتی پێ بەسترا ئەوا هەڵێکی باش لەبەردەم ڕووسیا دەڕەخسێنی تا زیاتر گوشار بخاتە سەر فەزای سیبرانی هاوشێوەی ئەمریکا ڕۆڵی تیا ببینێت.بەڵام وەنەبێت تەنیا ڕووسیا هەوڵەکانی بۆ ئەو بواره چڕکردبێتەوە، بۆنموونە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپاش پێش چەند هەفتەیەک لەمەبەر ڕووبەڕووی پەلاماری سیبرانی بوونەوە لە نێوشیاندا چەندین وڵاتی عەرەبی، لایەنەکانی ڕۆژئاوا رایانگەیاند تورکیا لە پشت ئەو پەلامارانەوە بووە و دەزگا فەرمییەکانی ئەو وڵاتانەی کردۆتە ئامانج، بە پێی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز تورکیا پەلاماری کردۆتە سەر زیاتر لە (30) دەزگا لە نێویاندا چەند وەزارەت و باڵیۆزخانەو دامودەزگاکانی بواری ئاسایش، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش کردووە تورکیا لە هێرشەکانیدا نامە ئەلیکترۆنییەکانی حکوومەتی قوبرس و یونان و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقیشی کردۆتە



ئەورووپا بەفەرمی سنورەکانی خۆی کردەوە

وێنەو کۆمێنت

ئەمڕۆ لە میٚژوودا



ساڵی 1904:
نیکۆڵای بۆریکۆڤی حاکمی گشتی فنلەندا تیرۆر کرا.



ساڵی 1918:
کۆنگرێسی ئەمەریکا ڕەزامەندی سەبارەت بە یاسایەک پێشان دا کە تایبەت بوو بە بەندکردنی هەموو ئەوانەی ڕەخنە ئاراستەی حکومەتی ئەمەریکا دەکەن.



ساڵی 1940:
ژەنەرال فیلیب بیتان بوو بە یەکەم سەرۆکوەزیرانی لایەنگری نازیەکان لە فەرەنسا.



ساڵی 1974:
ریچارد نیکسۆنی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا بۆ یەکەم جار سەردانی دێمەشقی کرد.



ساڵی 2016:
هێڵین جوان کۆکسی پەرلەمانتاری بەریتانیا و ئەندامی پارتی کرێکاران لە گوندی بریستال لەلایەن کەسێکی ڕاستڕەوەوە تیرۆر کرا.



ساڵی 2018:
لە یانەیەکی شەوانەی شاری کاراکاسی پایتەختی ڤەنزویلا بەهۆی پێکدادانی خەڵک 17 کەس بوونە قوربانی.

www.xebat.net
ژمارە (5954) 2020/6/16 ساڵی شەشەم
خەبات



گۆڤاری (Foreign Policy)...

قۆناغی دوای کورۆنا لە دیدی پسپۆڕ و شارەزا و دیبلۆماتکاراندا

ئا: هەندرین شێرزاد

هاوکات لەگەڵ سەرقاڵی جیهان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ، گۆڤاری فۆرن پۆلیسی ئەمەریکی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە و تیتیدا کۆمەڵێک پێشبینی خراونەتە ڕوو سەبارەت بە قۆناغی دوای ڤایرۆسی کورۆنا ، بە تایبەتیش لەسەر هەردووک ئاستی ئابووری و سیاسی ، بەو پێیەی گۆڕانکاریی گەورە ڕوودەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش گۆڤاری ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا پشتی بە ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک بیرمەندی ناسراوی جیهانی بەستووە.

کرانەوە و گەشەکردن و ئازادیی کەمتر
ستیڤن والت ، مامۆستای بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی هارڤارد:

ڤایرۆسی کورۆنا دەبێتە هۆی پتەوکردنی باردۆخی دەوڵەت و ئینتیمای نیشتمانی . لە سەرتاسەری جیهاندا حکوومەتی وڵاتان بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر تەنگژەکەدا ڕێوشوێنی جۆراوجۆر دەگرنەبەر ، دوای تێپەڕینی دۆخەکەش بەشی زۆریان ئامادە نابن دەستبەرداری ئەو دەسەلاتانە بن کە لەکاتی تەنگژەکەدا وەدەستیان هێناوە.

هاوکات ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتە هۆکارێک بۆ پەلەکردن لە گواستنەوەی سەروەریی و کاریگەریەکان لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەوەی چاوەڕێ ناکرێ گۆڕانی بەسەردابێ ئەو کێشە و ململانێیانەن کە پێشتر لە جیهان هەبوون. والت باس لەوەش دەکات کە بەدوور نازانرێ عەولەمە تارادەیەک پاشەکشێ بکات و هاوڵاتیان زیاتر لە دەوری حکوومەتی وڵاتانیان کۆ ببنەوە و وڵات و کۆمپانیاکانیش هەوڵی کەمکردنەوەی ئاستی ئەو مەترسیانە دەدەن کە لە ئایندەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بە شێوەیەکی گشتی والت پێی وایە لە قۆناغی داهاتوودا جیهان کرانەوە و گەشە و ئازادیی کەمتر بەخۆیەوە دەبینێ.

کۆتایی شێوەی ئێستای عەولەمە
ڕۆبن نیبلیت ، بەڕێوەبەری سەنتەری چاتام هاوس بۆ توێژینەوەکان لە لەندەن:

پێشبینی دەکرێ کورۆنا کۆتایی بە شێوازی ئێستای عەولەمە بێنێ ، بە تایبەتیش عەولەمەی ئابووری . لە قۆناغی ئێستادا حکوومەت و کۆمپانیا و کۆمەڵگاکان لە سەرتاسەری جیهاندا لە هەوڵی بەهێزکردنی توانا کانیانن سەبارەت بە چۆنیەتی خۆڕاهێنانی دڕێژخایەن لەگەڵ پوکانەوەی بواری ئابووری. نیبلیت باس لەوەش دەکات کە بەدوور دەزانرێ جارێکی دیکە جیهان تەبەنای بیرۆکەی سوودی هاوبەش لە بەرهەمەکانی عەولەمە بکاتەوە ، بۆیە دوور نیە وڵاتانی جیهان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنە ئابووریانەی کە لە سەدەی بیست گیرابوونە بەر

گواستنەوەی سەنتەری عەولەمە
پرۆفیسۆر کیشور مەهبوبانی ،ڕاگری کۆلیژی لی کوان بۆ سیاسەتی گشتی سەر بە زانکۆی نیشتیمانیی سەنگافورە :

بە دوور نازانرێ ڤایرۆسی کورۆنا ئاراستەی ئابووری جیهان بگۆڕێ ، هاوکات ماوەیەکیشە جولەیەک دەستی پێکردووە و پێدەچێ سەنتەری خۆی بێنێتەوە ، دوو بژاردەی لەبەردەم دان کە خۆبەدوورگرتنە لە هەر ململانێیەکی جیۆسیاسی لەگەڵ چین و هاوکاریکردنیەتی بە مەبەستی باشترکردنی باری کۆمەڵایەتی ناوخۆی وڵات کە ماوەیەکە ڕووی لە ناسەقامگیریی کردووە.

ناقیکردنەوەیکی نوێ جۆن ئیکنبیری ، مامۆستای زانستە سیاسیەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی پرینستۆن :

ئەو تەنگژەیەی ئێستا کە بەهۆی کۆرۆناوە سەری هەڵداوە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناکۆکیەکانی نێوان سەرجەم لایەنە ئایدیۆلۆژیەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ، دووریش نیە مشتومڕ توندتر بێ لە نێوان کۆمەڵایەتی بەخۆی بینێ ، ئەمە جگە لە سەرهەڵدانی گۆشەگیریەکی توندی ستراتیژیی. بە کورتی : ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئەزموونە دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکان ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی نوێ دەبنەوە و لە کۆتاییدا خۆیان لە قۆناغێکدا دەدۆزنەوە کە خەریکن شێوازێکی نوێی عەولەمە بونیاد دەنێن ، عەولەمەیەکی زیاتر پراگماتیکی کە لە توانایدا هەبێ بیانپارێزێ.

دەستکەوتی کەمتر و سەقامگیری زیاتر
شانۆل ئۆنیل ، توێژەری تایبەتمەند بە کاروباری ئەمەریکای باشوور لە ئەنجومەنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی ئەمەریکا :

ڤایرۆسی کورۆنا دەبێتە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی پێشەسازیی جیهان و کۆمپانیاکان بیر لە کەمکردنەوەی هەنگاو و ڕێگاکانی ناردن و هاوردەکردن دەکەنەوە کە ئەمڕۆ پیادەی دەکەن. ئەو تێوڕەی پێشی وایە لەو قۆناغەدا ئەو شێوازە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بۆتەوە بەهۆی بەرزیی ئاستەکانی تێچوونی دەستی کاری چینی و شەڕی بازرگانی سەرۆک ترامپ و ئەو پێشکەوتنەی لە بوارەکانی ڕۆبۆت و چاپی سێ ڕەهەندی وەدەست هاتووە ، لە ڕووی سیاسیشەوە بەهۆی لەدەستدانی هەلی کار و ئاستەمی خولقاندنی ئەو دیکە، ئەو دیبلۆماتکارە پێی وایە دوای تێپەڕینی ئەو بارودۆخە ئاستی پەیوەندیەکانی جیهان ڕوو لە کزیی دەکەن و سیستەمە سیاسیەکانیش هەوڵی دووبارەکردنەوە و گۆشەگیریی دەدەن ، کەواتە ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورەتر دەبینەوە ، ئەویش ناسیۆنالیس و دژایەتیکارانی عەولەمەت و چین و تەنانەت ئەو لیبرالانەش کە لایەنگری عەولەمەن.

ناوبراو دەشڵێت: بە گوێرەی ئەو دەرەنجامانەی کە لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە تەنگژەی کورۆنا دەکەونەوە ، پێشبینی دەکرێ جیهان ململانێی تونتر بێ لە نێوان هەردووک ئاستی ئابووری و



عەولەمە
لە ئەمەریکاوە ڕوو بکاتە چین ، هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکیەکان متمانەیان بە عەولەمە و بازرگانیی نێودەوڵەتی نەماوە ، لە بەرامبەردا ئەم متمانەیە لە چین ڕووی لە زیادبوون کردووە و کرانەوەی چەند ساڵی ڕابردووی چینیش بە ڕووی جیهان هۆکارێکی دیکەیە. ئەگەر ئەمەریکاش بخوازێ لە پێگەی جارانی



ئیندیپێندێنت:
وەزارەتی ناوخۆی ئەفغانستان ڕایگەیاند تەنیا لە هەفتەی ڕابردوودا بزووتنەوەی تالیبان لە چەندین هێرشێکدا 400 ئەندامی سەر بە حکوومەتی کوشتووە .



سکای نیوز:
وڵاتانی ئەوروپا دەستیان بە کردنەوەی سنوورەکانیان کرد کە بۆ ماوەی چەند مانگێک بەهۆی ڤایرۆسی کورۆناوە داخرابوون.



ئەی ئێف پی:
پۆلیسی بەریتانیا 113 کەسی لەوانە دەستگیر کرد کە خۆپیشاندانیان لە دژی ڕەگەزپەرستی ئەنجام دابوو.



ئیلاف:
ئۆپۆزسیۆنی ڤەنزویلا ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵات ناکات.



ڕۆیتەرز:
سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند دوای تەواوبوونی تەنگژەی کورۆنا دەبێ وڵاتەکەی هەوڵی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی زیاتری ئابووری بدات.



بی بی سی:
دوای کوژرانی کەسێکی ڕەشپێستی دیکە ، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەتلانتا دەستی لەکار کێشایەوە.

ئەمەریکا پێویستی بە ستراتیژیەتی تازەیە
جۆزیف نای جۆنیۆر، مامۆستا لە زانکۆی هارڤارد :

پێویستە ئەمەریکا ستراتیژیەتێکی تازە بگرێتەبەر، ساڵی 2017 دۆنالد ترامپ پرۆژەیەکی نوێی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا پشتی بە ململانێی توند لە نێوان زلهێزەکان بەست ، بەڵام دواتر ڤایرۆسی کورۆنا شکستی بەو پرۆژەیە هێنا. لە کاتێکدا ئەگەر ئەمەریکا بخوازێ هەژموونی خۆی بپارێزێ ، ناتوانی بە تەنیا ئاسایشی خۆی بپارێزێ.

سەبارەت بە هەڕەشە سنوورییەکانی وەک ڤایرۆسی کورۆنا و گۆڕانی کەشوهەواش ، ناکرێ تەنیا بیر لە هەژموونی ئەمەریکا بەسەر وڵاتانی دیکە بکرێتەوە ، بەڵکو سەرکەوتن لەو بوارەدا پەیوەست دەبێ بە درککردن بە گرنگی هێزی وڵاتانی دیکە. جۆنیۆر ئاماژە بەوەش دەدات کە هەموو وڵاتان بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێک دەزانن ، کورۆناش دەریخست کە وڵاتانی جیهان سەرکەوتوو نین لە گونجاندنی ستراتیژیەکانیان لەگەڵ ئەم جیهانە تازەیە.

کێ مێژوو دەنووسێتەوە؟
جۆن ئالین، سەرۆکی پەیمانگای بڕۆکینگز :

لە ماوەی تەنگژەی کورۆنادا وەک هەموو جارێک ئەوانە مێژوو تۆمار دەکەن کە سەرکەوتن وەدەست بێنن و ئەو وڵاتانەی لە توانایاندا هەیە لە ڕێگەی سیستەمە سیاسی و ئابووریەکانیان ڕووبەڕووی ئەو دەردە ببنەوە، لە کۆتاییدا شانازی بەخۆیانەوە دەکەن ، ئەمەش بێگومان لەسەر حیسابی هەموو ئەو وڵاتانە دەبێ کە گەورەترین زیانیان بەرکەوتووە.

ئەم تەنگژەیە دەبێتە مایەی ڕێکخستنەوەی بونیادی هێزە نێودەوڵەتیەکان و کاریگەریی نێگەتیڤی ڤایرۆسی کورۆناش بەسەر چالاکیە ئابووریەکان دڕێژە دەکێشێ ، ئەمەش بێگومان بەدەر نابێ لە زیادبوونی قەبارەی ناکۆکی و ململانێی نێوان وڵاتان.



لە سەردەمی کۆرۆنادا

بەرهەمی گەنمی جیهان جێگیر دەبێت و بڕی عەمبارکراو زۆر زیاد دەکات

ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی (فاو) لە کۆتا ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە بەرهەمی گەنم لە وەرزی 2021-2020و ئاستی داواکاری جیهانی لەسەر ئەم بەروبومە خۆراکییە گرنگە ئاشکرایکرد پێشبینی دەکرێت بەرهەمی گەنم لە سەرانسەری جیهاندا لەم وەرزەدا بگاتە 762.6 ملیۆن تەن، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی هاوشانە لە گەڵ ئاستی بەرهەمی 2019، لە هەمانکاتدا پێشبینی دەکرێت بەرهەم لە هەر یەک لە یەکێتی ئەورووپا و باکووری ئەفریقیا و و ئۆکرانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە بەرهەمی هەر یەک لە وڵاتانی ئوستراڵیا و کازاخستان و ڕوسیا و هیندستان پێشبینی دەکرێت بەرهەمیان هەڵکشان بەخۆوە ببینێت.

لە هەمانکاتدا پێشبینی دەکرێت بەکاربردنی گەنمی جیهانی لە 2020-2021 جێگیر بێت و هەڵکشانی چاوەڕوانکراوی بە کاربردنی وەک خۆراک بە ئەندازەیەکی زۆر زیاتر بێت لە بەکارهێنانی گەنم وەک ئالیک یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستە پیشەسازییەکان. فاو پێشبینی دەکات بڕی گەنمی عەمبارکراو لەسەر ئاستی جیهات لە کۆتایی وەرزی ئەم بەروبومە تاکو ساڵی 2021دا بۆ 274.5 ملیۆن تەن بەرزبێتەوە ، بەهۆی هەڵکشانی پێشبینی کراو لە بەرهەمی وڵاتی چین، لە کاتێکدا کە بڕی گەنمی عەمبارکراو لە وڵاتانی دیکەی جیهانی بە ڕێژەی 5%دادەبەزێت، ئەوەش لە ساڵی 2013وە بە نزمترین ئاستی تۆمارکراو دێت.

لە هەولێر 140 هەزار پەنجەماسیی بەخۆڕایی دابەشکرا



لە پارێزگای هەولێر 140 هەزار پەنجە ماسیی بە خۆڕایی بەسەر خاوەن حەوزی پەروەردەی ماسیی کە مۆڵەتیان هەیە دابەشکرا.

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، عەبدولخالیق عەبدولکەریم بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر ڕایگەیاند: ڕۆژەی یەکشەمە 14 حوزەیران 2020نزیکەی 140هەزار پەنجە ماسیی لە جۆری کارپ دابەشکرا بەسەر 30 خاوەن پڕۆژەی ماسیی کە مۆڵەتی فەرمییان هەیە لە سنووری پارێزگای هەولێر، ئەو هەنگاوەش دوای ئەوە هات کە خاوەنە پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنانی پەنجە ماسیی بە ناوی (سلێمان سەلیم خورشید) لە گوندی چۆمەزەردەلە ئەو ژمارە پەنجە ماسیەی بۆ پارێزگای هەولێر تەرخان کردبوو و لەسەر داواکاری فەرمسەت صۆفی پاریزگای هەولێر 30 خاوەن پڕۆژە دەستنیشان کران.

لە درێژەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ ئاشکرایکرد، کە لە سنووری پارێزگای هەولێر 184پڕۆژەی بە مۆڵەت و 500 پڕۆژەی بێ مۆڵەت هەیە کە لە ئایندەدا بە پشتبەستن بە بەرهەمی هۆیەی توێژینەوە و بەرهەمهێنانی پەنجەماسیی لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵ نزیکەی 250هەزار پەنجە ماسیی دیکە ئامادە دەبێت بۆ دابەشکردن بەسەر پڕۆژەکانی پاریزگای هەولێر.

پەروەردەکردنی مریشک لە نێومااڵدا

مریشک یەکێ لەو باڵندانەیە کە پەروەردەکردنیان لە نێو ماڵدا ئاسانە، بەڵام پێویستە چەند خاڵێکی سەرەکی لەبەر چاو بگیرێت وەک دابینکردنی شوێنێکی گونجاو لە سوچێکی ماڵدا و تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆیان بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە مریشکەکان و هەبوونی باشترین جۆری ئالیکی گونجاو بۆ گەشەکردن و زیاد کردنی بەرهەم. ئەو خاڵانەش پێویستە پیادە بگیرێت:

یەکەم: مریشک تەرزی زۆری هەیە دەبێت شیاوترین تەرز هەڵبژێرین کە لەگەڵ کەشوهەوای شوێنەکەمان بگونجێت، ئەو تەرزانە شێوەی پەروەردەکردنیان جیاوازە و هەر یەک تایبەتمەندی خۆی هەیە.

دووەم: شوێنەکە نابێت مەترسیی ئاژەڵی کیوی و بەرەڵای لەسەر بێت وەک سەگ و ڕێوی و چەقەڵ.

سێیەم: ئالیک و خۆراکی پێویست دەستەبەر دەکرێت بۆ باشکردنی بەرهەم.

چوارەم: ڕۆژانە گرنگی بە دابینکردنی ئاوی خاوێن دەدرێت و کۆڵی ئاوەکان تەعقیم دەکرێت ئەگەر پێویست بوو.

پێنجەم: ڕۆژانە هێلکە کۆدەکرێتەوە و ئەو هێلکانەی شکاون لە شوێن خۆی جێناهێڵدرێت و فڕێ دەدرێت.

شەشەم: ڕۆژانە چاودێری مریشکەکان دەکرێت بە تایبەتی پەڕ و چاو و چاڵاکی جەستەییان بۆ دڵنیابوون کە لە تەندروستییەکی باش دانە.

حەوتەم: مانگانە فەرشی ژێرەوەیان دەگۆڕدرێت بۆ دەرباز بوون لە هۆکاری نەخۆشییەکان و بۆ ئەوەی فەرشەکە ئازاری مریشکەکان نەدات.

هەشتەم: کۆلیتی خەوتنی مریشکەکان خاوێن دەکرێتەوە لە فەرشی شێدار و ڕەق و پاشماوەی هێلکە شکاو.

نۆیەم: دڵنیابوون لە هەبوونی شوێن و ڕووبەری تەواو بۆ جوڵە و حەوانەی مریشکەکان لە شوێنی پەروەردەکردندا.

یەکەم: بەیانیان زوو پشکنین بۆ هەنگ دەکرێت بە هۆی بەرزی پلەی گەرمی.

دووەم: پشکنین بە خێرایی ئەنجام دەدرێت بۆ ماندوو نەکردنی هەنگ و پاراستنی ڕادەی شێنی ناو شانەکان.

سێیەم: گرنگیدان بە دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی خاوێن نزیک هەنگەکان.

چوارەم: لێکدانی پووری هەنگی بێ هێز و کەم بەرهەمەکان و پاراستن و چاودێری خلێفە بەهێزەکان.

پێنجەم: بەردەوام بوون لە قەڵاچۆکردنی دوژمنە سروشتییەکانی هەنگ وەک (زەنگەسووڕە و مێرووڵە و ڕەنگاڵە)

شەشەم: لەو شوێنانەی پلەی گەرمی بەرزە زیادکردنی هەنک لە ڕێگای دابەشکردنی شانە دەوەستێندرێت.

حەوتەم: لە ناوچە گەرمەکاندا گرنگی بە دروستکردنی سابات دەدەێت بۆ پووڕە هەنگەکان.

هەشتەم: ئێستا لە زۆر شوێن وەرزی دروستکردن و داکردنی هەنگوینە بۆیە نابێت دەرمانی کیمیایی و چارەسەرە کیمیاییەکان بەکار بێت.





وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بڕیاری دا (جۆ) هەنارەی دەرەوە بکات

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاند سەبارەت بە ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئابووری وەزارەت سەبارەت بە بەبازاڕکردنی بەروبومی (جۆ).

ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بڕیتییە لە ڕێگاپێدان بە فرۆشتنی (جۆ) بە مەبەستی هەنارەکردن بۆ دەرەوەی عێراق بە باشترین نرخ بە مەرجێک کەمتر نەبێت لە (125) دۆلار بۆ تەنێک. ئەوەش لە کاتێکدایە کە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لە نەوەوەی وڵات جۆ دەفرۆشێتە بەخێوکەرانی سامانی ئاژەڵ و کارگەکانی ئالیک بە 200هەزار دینار. ئەو ڕێگاپێدانە (جۆ)ی وەرزی ڕابردوو و ئەم وەرزە 2019-2020 دەگرێتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران دەروازە سنووریەکان و دەستەی گشتی گومرگی ئاگادار کردۆتەوە کە دەبێ ڕێوشوێنی تووند وەربگرن بۆ ڕێگاگرتن لە هاوردە کردنی هەردوو بەروبوومی گەنم و جۆ بە شێوەیەکی نایاسایی و لە کاتی ڕادەستکردنی (جۆ) بۆ سایلۆکان و فرۆشتنی جۆ بە خاوەن ئاژەڵ و کارگەکان و ئەوانەی مەبەستیانە (جۆ) هەنارەی دەرەوە بکەن.

شایانی ئاماژەیە وەزارەتی بازرگانی عێراق ڕێگا نادات جۆی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لە سایلۆکان وەربگیرێتەوە بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی عێراق.

هیگواین ناتوانێت بەشداری یارییەکەیان بەرامبەر یۆڤێنتۆس بکات

خەبات: سوڵێمان سلێمان

رۆژنامەی لاگازیتا دیللۆ سپۆرت بڵاوی‌کردۆتەوە کەوا هێرشبەری ئەرژەنتینی گونزالۆ هیگواین بە هۆی ئەوەی تووشی پێکان بووە ناتوانێت لە فاینالی جامی ئیتالی بەشدار بێت، هیگواین لە یاری بەرامبەر بە یانەی ناپۆلی تووشی پیکان بوو هەر بۆیە ناتوانێت لە یاری داهاتوودا بەداری بکات، هەروەها رۆژنامەکە ئەوەشی خستۆتەروو کە پێکانەکەی هیگواین زۆر قورس بووە دەبێت پشکنینی زۆریشی بۆ بکرێت و تاماوەیەکیش ناتوانێت بەشداری لە راهێنانەکان بکات لەگەڵ یانەکەی ، هەر بۆیە پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە تا چاک ببێتەوە بتوانێت جارێکی دیکە یاری بکات.



بەرشلۆنە پشووی یەک رۆژیش ناداتە یاریزانەکانی



رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی ئاشکرای کرد کە لەسەرتای ئەم هەفتەیەوە مەحالە لەهەر سێ رۆژ یارییەک، پشوو بدرێتە یاریزانانی بەرشلۆنە.

دوای یارییەکەی مایۆرکا ، سبەی یانەی بەرشلۆنە رووبەڕووی یانەی لیگانس دەبێتەوە لەناو یاریگای کامپ نو، هەروەها رۆژی هەینی داهاتووش بەرامبەر یانەی ئیشبیلییە یاری دەکەن، واتە سێ یاری لەهەفتەیەک، کە ئەمەش فشارێکی زۆرە بۆ سەر سیستینی راهێنەریکەتالۆنی کە هەرچۆنێک بێت نابێت پشوو بداتە یاریزانەکانی و ئەو دەرفتە نییە لەماوەی سێ رۆژ جارێک پشوو بەیاریزانەکانی بدات.

ئیبرا میلان جێدەهێڵێت

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی ئەی سی میلانی ئیتالی بریاریداوە لە کۆتایی وەرزدا کە بۆنەدەکەی لەگەڵ ئەویانەیە کۆتایی دێت یانەکە و ئیتالیا جێبهێڵێت.

زڵاتان لە لیدونێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەداوە کە خۆشەویستی ئەو بۆیانەی میلان نەبوایە نەیدەتوانی تاکۆتایی وەرز لەگەڵ یانەکە بەردەوامبێت و ئاماژەی بەوەشداوە کە ''یانەی ئەیستی میلان ئیدارەیەکی بێسەروبەری هەیە و هیچی بەسەر هیچیەوە نەماوە و هیچ ستارتیژێک بۆ ئایندەی ئەو یانەیە دیار نیە.''

دوای ئەم لێدوانانە، رۆژنامەکانی ئیتالیا، رایانگەیاند "زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ بڕیاری داوە لەهاوینی رابردوودا لە میلان بڕوات و بگەڕێتەوە خولی سوێدی"،

بەپێی ئەو سەرچاوانە، زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ بڕیاریداوە بچێتە یانەی هاماربی، کە بەر لە چەند مانگێک بووەتە هاوبەش لە خاوەندارێتی یانەکە.



ئەحمەد رازی

داوا لە هاوڵاتیان دەکات پابەندی رێنماییە تەندروستییەکان بن

دوای کەرەنتینەکردن و چاودێری ئەحمەد رازی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق لە نەخۆشخانە، بەبەردەوام عەدنان درجال وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق لەگەڵیدا لەپەیوەندی بووە و لەتەندروستی پرسیوەتەوە.

دوای ئەوەی ئەحمەد رازی لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک بڵاویکردەوە کە هەستی بە تەنگەنەفەسی و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای کرد، ناچار رووی کردە نەخۆشخانەوە و پێی راگەیەندرا کە تووشی ئەو پەتایە بووە، عەدنان درجال بەردەوام لەسەر هێڵ بووە لەگەڵی بۆ ئەوەی هەرچی پێویست بیت بۆی بکریت، لەبەرامبەر ئەمەشدا رازی ئەستێرەی پێشووی عێراق سوپاسی وەزیر و هەموو ئەوانەی کرد لەهەواڵیان پرسیوە.

لەلایەکی دیکەوەش ئەحمەد رازی هەوادارانی خۆی ئاگادار کردەوە کە ئەو تەندروستی باشە و لەهەمان کاتیش داوای لە هاوڵاتیان کرد کە پابەندبن بە رێنماییە تەندروستییەکان و دوورکەونە لەبەریەک کەوتن و قەرەبالغی.

ریال نرخی ئەشرەف حەکیمی دیاریکرد

یانەی ریاڵ مەدرید نرخی یاریزانی باڵی راستی یانەکەی کە ئێستا بۆ بروسیا دۆرتمۆند بە خواستن یاری دەکات دیاریکرد.

ئەشرەف حەکیمی لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ خواستنەکەی لە دۆرتمۆند تەواودەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ یانەی شاهانە. هەرچەندە یانەی ریاڵ مەدرید زۆر پێداگرنیە بۆ گەراندنەوەی ئەو یاریزانە و ئەگەری هەیە بەیەکجاری یاخود بە خواستن بیفرۆشێت.

رادیۆی ئەوەندا سیرۆی ئیسپانی لە هەواڵێکیدا رایگەیاند سێ یانە داواکارن لەسەر گواستنەوەی حەکیمی، ئەوانیش یانەکانی بایرن میونخ و بروسیا دۆرتمۆند و ئینتەر میلانی ئیتالی. رادیۆکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە یانەی ریاڵ مەدرید ئامادە نییە بە کەمتر لە ٦٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت.

ئەشرەف حەکیمی ئەم وەرزە لەگەڵ دۆرتمۆند، ٤٣ یاری ئەنجامداوە و ٩ گۆڵی تۆمارکردووە و ١٠ گۆڵیشی دروست کردووە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.16. Jun. 2020 No: (5954)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەندی شێوەکار هەژار کەلهوڕی: بە جەستە لە وڵاتی غوربەتم، بە بیر و خەیاڵ لە زێدی باب و باپیرانم





یەکێک لە تابلۆکانی هونەرمەند

دیمانە: سابیر

هونەرمەندێک لەوپەڕی جیهانەوە زۆر بە ئارمی کار دەکات، هێمن وەک کارە هونەرییەکانی، نەرم وەک فلچەی دەستی، ڕەنگاو ڕەنگ وەک بیرکردنەوەی ڕەنگالەیی خۆی...

وەک سروشتی خانەوادەکەی ناوی هەژاری پێ بڕاو حەزو خولیای هونەری هەر لە منداڵیەوە دەرکەوت و بە خەونێکی سادەو دەستی پێکرد...

هەژاری هونەرمەند لە ساڵی 1967 لەپردێ شاری کەرکووک چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، لە جیاتی یاری و گەمەی منداڵان ، ئەو بە هێمنی بە قەڵەم تەباشیر وێنەی دەکێشاو بەهرەی وێنەکێشانی لێ بەدەر کەوت، بۆیە هەر زوو یەکەم پیشانگای تایبەتی خۆی لە ساڵی 1989 کەرکووک . کردەوە و دووەم پیشانگای تایبەتی خۆیشی دوای هەڵبژاردنی ژیانی تاراوگە لە ئەڵمانیا لە ساڵی 2000کردەوە دواتر پیشانگای دیکەی لە ساڵانی 2001-2002-2015 هەر لە ئەڵمانیا کردۆتەوە. هەژار لە ساڵانی 2013-2019 هەولێری پایتەخت و ساڵی 2019 لە کەرکوکی دڵی کوردستان و هەولێر کردۆتەوە...

هەژار هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی نەتەوەیی کورد ژیاوە. ئەو بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەو حەقیقەتە دووپات دەکاتەوە کە وەک ئەرکێکیی نەتەوەیی و نیشتمانی، پیشانگای لەسەر پرۆسەی بەد ناوی ئەنفال و جینۆسایدی کورد لە ئەلمانیا کردۆتەوە، تەنانەت هەموو تابلۆکانیشی کە لە ئەلمانیا کاریان لەسەر دەکات لەسەر ئەرکی تایبەتی خۆی دەهێنێتەوە هەرێمی کوردستان، تاوەکو عاشقانی هونەر لە لەزەتی کەڤالەکانی بێ بەش نەبن، هەژار کە ماوەی 23ساڵی لە ئەلمانیا نیشتەجێیە و خاوەنی نۆ پیشانگای تایبەت و دەیان پیشەنگای هاوبەشە، هەر خۆیشی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەناسەی نیشتیمان دانەبڕاوم و ڕاستە بە جەستە لە وڵاتی غوربەتم، بەڵام دوور لە دڕوشم بە بیرو خەو خەیاڵ لە زێدی باب و باپیرانم.

پڕۆژەیەکی جیاواز لەدرامای کوردی دا

درامای گورگەکان لەقۆناغی کۆتایی وێنەگرتن نزیک دەبێتەوە



پڕۆژە درامای گورگەکان نوسین و دەرهێنانی میهران شیری و بەرهەمی سامپڕۆ بۆ کاری هونەری لە قۆناغی کۆتایی وێنەگرتندایە . کۆمەڵێک ئەکتەری بەتوانای کورد بەشداری تێدا دەکەن هێندێکیان بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ.. . میهران شیری دەربارەی پڕۆژەکە بۆ خەبات گوتی بەڵێن دەدەم کارێکی جیاواز ببینن لە ڕوی چیرۆک و بابەت و جۆری دەرکەوتنەوە. دەڵێ هەر چەندە بەهۆی بارودۆخیکورونا و گرنتینە زیانی زۆمان پێکەوت بەڵام بەردەوام بوین و مکۆڕ بووین لەسەر ئەوەی کارێکی جیدی وجیاواز بکەین.. سوپاسی بەڕێز پاریزگای هەولێر دکتۆر فرسەت دەکەین کە بەردەوام لەگەڵمان لە خەت بووە و هاوکاری جیدی بووە . سوپاسی هیزەکانی ئاسایش و زێرەڤانی دەکەین بۆ هاوکارییان لەرووی لۆجستیەوە، داواکارین سەرجەم لایەنەکانی حکومەت هاوکار بن تا ڕوویەکی جوانی کوردستان و هەرێم وپایتەخت دەربخەین.

ڕێژەیی خۆراکی دەوڵەمەند بە میوە و سەوزە ئاڵزەهایمەر کەمدەکاتەوە

پڕۆژە درامای گورگەکان نوسین و دەرهێنانی میهران شیری و بەرهەمی سامپڕۆ بۆ کاری هونەری لە قۆناغی کۆتایی وێنەگرتندایە . کۆمەڵێک ئەکتەری بەتوانای کورد بەشداری تێدا دەکەن هێندێکیان بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ.. . میهران



لە ماڵپەڕی ساینس فۆکس ، بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " ڕێژەیی خۆراکی دەوڵەمەند بە میوە وسەوزە مەترسی ئاڵزاهیمەر کەم دەکاتەوە " ، بڵاو کراوەتەوە ، کەلە چەند بەشێکیدا هاتووە :ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە ئەو کەسە بەسااڵچووانەی کە بە شێوەیەکی ڕێک وپێک دژە ئۆکسیدانەکانی وەک فلاونۆئیل بەکاردێنن کەمتر تووشی مەترسی نەخۆشی بیرچوونەوە دەبنەوە . ئەو پێکهاتە دژە ئۆکسیدانە لە زۆربەی میوە و سەوزەواتدا بوونیان هەیە و دەوڵەمەندترینەکانیان بریتین لە کەلەم ، سپیناخ و بروکلی ، سێو وچای. بەووتەی توێژەرانی زانکۆی ڕاش لە شیکاگۆ، لە نێوان 900کەسی بەتەمەن کە بۆ ماوەی 6ساڵ لە ژێر چاودێری دابوون، یەک لە سەر پێنجی ئەو کەسانەی کە زۆرترین ڕێژەی فلاونۆئیل یان خواردبوو بە ڕێژەی 48لەسەدا کەمتر تووشی حاڵەتی ئاڵزاهیمەر ببوونەوە .توێژەران، جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕێژەی خۆراکی بەسوود کە بریتیە لە ڕێژەیەکی زۆر میوە و سەوزەوات دەتوانێت پرۆسەی پیربوونی مێشک دوابخات.فلاونۆلەکان وەک دژە ئۆکسیدانەکان کار دەکەن و ڕووبەڕووی نەخۆشییە هەوکردنەکان دەبنەوە. کە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی گیرە لە نێو خوێنبەرەکانی میشک و ئاستی توانایی بیروهۆش کەم دەکەنەوە .بە ووتەی توێژەران، ئەو کەسانەی کە بە گشتی فلاونۆئیلەکانیان لە کەلەم ، ئیسپیناخ، بروکلی ، سێو ، هەرمێ ، فاسولیا ، تەماتە ،چای ڕۆنی زەیتوون وەردەگرن . ئاستی تووشبوونیان بە ئاڵزاهیمەر کەمترە و هەروەها پەیرەوکردنی ڕژێمی خۆراکی تەندروست ، ئەنجامدانی وەرزش بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و هەروەها چالاکییە بیروهزرییەکان دەتوانێت مەترسی تووشبوون بە ئاڵزاهیمەر یا بیرچوونەوە کەم بکاتەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەك ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:

ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێك کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:

جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەئاوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەئاوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.

نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەك ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان

تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

چارەسەرییە پزیشکییەکان

ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.

ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشك ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێك) بە جێلّی تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەك تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسك لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:

- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی